# گۆڕانی سیاسی لە دیدی (لیبراڵیزم)دا: تێڕوانینەکانی کارڵ پۆپەر وەک نمونە

**کنعان حمەغریب عبداللە[1,2] ، ئاریان رشید شریف [1]**

[1] بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی دیپلۆماسی و پەیوەندییە گشتیەکان، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە :-** (لیبراڵیزم) تەنها یەک تێڕوانینی لە بارەی گۆڕانی سیاسییەوە نییە، دەکرێت بوترێت (لیبراڵیزمی کلاسیک) جەخت لەسەر ئازادی تاک دەکاتەوەو دژی دەستێوەردانی دەوڵەتە لە کاروبارە تایبەتەکانی تاک، لەم ڕوانگەیەوە جوڵەی شۆڕشگێڕی لە دژی سیستمی ستەمکاری کە ئازادی تاکەکانی پێشێل دەکرد، بە پەسەند دەزانی. بەڵام (لیبراڵیزمی نوێ) سەرەڕای سەنتەربوونی بیرۆکەی (ئازادی)، جەخت لە خۆشگوزەرانی و باشترکردنی دۆخی ژیانی تاکەکان دەکاتەوە، تاوەکو باشتر بتوانن لە ئازادییەکان بەهرەمەند بن، لەم ڕووەوە لەگەڵ دەستێوەردانی سنورداری دەوڵەتە لە بازاڕدا بۆ ئەو مەبەستە، هەرچی دیدگای (نیۆلیبراڵیزم)ە گەڕانەوەیە بۆ تێزەسەرەکییەکانی (لیبراڵیزمی کلاسیک)، جەخت کردنەوە لەسەر ئازادییەکانی تاک و دەستوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروبارەکانی تاک، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی ئەمان لە بارەی گۆڕانەوە زیاتر مەیلێکی کۆنسێرڤاتانەیان هەیە.

(کارڵ پۆپەر) وەکو بیرمەندێکی هاوچەرخ و نوێنەری (لیبراڵیزمی نوێ)، لەگەڵ گۆڕانکاری پلەبەندییە لە کۆمەڵگاو میکانیزمی شۆڕشگێڕی ڕەتدەکاتەوەو پێی وایە کۆمەڵگە هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکات و میکانیزمی توندوتیژی و شۆڕشگێڕانە هەڕەشەیە بۆ ئازادی تاکەکان و دەبێتە هۆی دروستبوونی ستەمکاری و لە ناوبردنی ئازادییەکان.

**کلیلە وشەکان:-** گۆڕانی سیاسی، لیبراڵیزم، لیبراڵیزمی نوێ، کۆمەڵگەی داخراو، کۆمەڵگەی کراوە .

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە بابەتی گۆڕانی سیاسی لە هزری سیاسی (لیبراڵیزم)دا بکۆڵێتەوە، لە گەڵ سەرنجخستنە سەر دیدو تێڕوانینەوەکانی ( کارڵ پۆپەر) وەک یەکێک لە هزرڤانە دیارەکانی (لیبراڵیزم).

توێژینەوەکە شیکاری دەکات بۆ تێگەیشتی دیدگا جیاوازەکانی (لیبراڵیزم) لە بارەی چەمکی گۆڕانەوە، بە مەبەستی ئاشکراکردن و شیکردنەوەی ئەوەی ئایا کۆی دیدگا جیاوازەکانی (لیبراڵیزم) یەک تێڕوانینیان بۆ گۆڕانی سیاسی هەیە یاخود نا.

هەروەها توێژینەوەکە لە دیدو تێڕوانینی ( کارڵ پۆپەر) دەکۆڵێتەوە لە ڕێگەی شیکردنەوەی تێڕوانینی ئەو بۆ چەمکی گۆڕانی سیاسی، کە ئایا چۆن تەماشای گەشەکردن و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات دنیابینی (پۆپەر) لە بارەی گۆڕانی سیاسییەوە بخاتەڕوو، هەڵبەتە پاساوی هەڵبژاردنی (پۆپەر) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو هزرڤانێکی دیارەو کاریگەری بەرچاوی لەسەر گەشەکردنی هزری سیاسی هەیە. ( پۆپەر) زیاتر بەوە ناسراوە کە لەبواری (ئەبستمۆلۆژیا)دا، کاری کردووە نەوەک ڕاستەوخۆ لە بواری هزری سیاسیدا، بەڵام توێژەر لەو بۆچوونەوە لە ( پۆپەر) دەکۆڵێتەوە کە تیۆری مەعریفەی ( پۆپەر) پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هزری سیاسی ئەودا هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کتێبی بەناوبانگی (پۆپەر) ( کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەوەکانی) تێزو تیۆرێکی ڕاستەوخۆی ئەوە لە بواری هزری سیاسیداو زۆرێک لە تێڕوانینەوەکانی خۆی لە بارەی کۆمەڵگەوە لە و کتێبەدا خستۆتەڕوو.

### کێشەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا (لیبراڵیزم) چۆن دەڕوانێتە بیرۆکەی گۆڕانی سیاسی؟ ئایا هزری سیاسی (لیبراڵیزم) بە گشتی و دیدو تێڕوانینی ( پۆپەر) بە تایبەتی، دژ یاخود لە گەڵ گۆڕانی سیاسیدایە؟ لە هەردوو دۆخەکەدا، توێژینەوەکە بەڵگەو ئارگیومێنتەکانیان پێشکەشدەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکات.

### گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە(کارڵ پۆپەر) لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژی لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیدا نییەو پشتگیری ئەوە دەکات، کە گۆڕانکارییەکان لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بێت، وەک ئەوەی (لیبراڵیزمی نوێ) پەسەندی دەکات. واتا (کارڵ پۆپەر) مەیلداری گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی نییەو لێرەوە دەکرێت بوترێت بوچونەکانی تا ئاستێک موحافیزکارانەیە لە ئاست گۆڕانکاری سیاسي خێرا،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 7، العدد 2(2021) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v7n2y2021.pp48-60

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 نيسان 2021؛ قُبل في 23 أيار 2021؛ نُشرت في 1 حزيران 2021

البريد الإلكتروني للمؤلف : kanaan.abdullah@uhd.edu.iq،

حقوق الطبع والنشر ©2021 كنعان حمەغریب عبدالله، ئاریان رشید شریف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئەم بۆچونەی ئەو تەبایە لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی هاتەو ئاراوە لە هزری لیبرالیزمدا، کە پێش ئەوەی لیبرالیزم ببێتە بەشێک لە ئەزمونی حوکمڕانی لە جیهانی رۆژئاوادا مەیلێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، بەڵام پاشتر گۆڕا.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆدی (ئیستقرائی) بەستراوە، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆکردنی بەڵگەو ئارگیومێنتەکان، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامگیری گشتی، پاساوی بەکارهێنانی ئەم مێتۆدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژینەوەکە هەوڵ ئەدات بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەی ئارگیومێنت و بەڵگەکان هێڵکی گشتی ئەنجامگیری پەسەند بکات کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەڵگەی ئارگیومێنت بنیات بنرێت کە تەبایە لە گەڵ بەکارهێنانی میتۆدی( ئیستیقرائی) بۆ ئەو مەبەستە.

## باسی یەکەم
## گۆڕانی سیاسی لە هزری (لیبراڵیزم)دا

هزری (لیبراڵیزم) لە مێژووی گەشەکردنی مرۆڤدا وەکو بەرئەنجامێکی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر گۆڕینی دۆخی مرۆڤ لە درێژەی مێژوودا هەبووە. (لیبراڵیزم) کە لە هەمبەر کۆمەڵگەو دەوڵەت پشتگیری لە ئازادیەکانی تاک دەکات، تاکی مرۆڤ بە سەرچاوەی دەسەڵات لە قەڵەمدەدات و لە دەوڵەت و سەرجەم دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تر وەکو بەرهەمێکی عەقڵی مرۆیی دەڕوانێت. لەم پێناوەشدا پارێزگاریکردن لە تاک بەرامبەر کۆمەڵگە بە ئەرکی سەرشانی هەر سیستمێکی سیاسی لە قەڵەمدەدات.

لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە هزری (لیبراڵیزم) بە شێوەیەکی گشتی ورد ببینەوەو ئاراستەو ڕەهەندە جیاوازو هەندێکجار دژ بە یەکەکانی دەستنیشان بکەین، بە هەمان شێوە ڕوانگەی (لیبراڵیزم) بەرامبەر گۆڕانی سیاسی و ڕای بیرمەندە لیبراڵەکان دەربارەی گۆڕان شرۆڤە بکەین. لەم پێناوەشدا باسەکە دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا باس لە سەرەتاکانی هزری (لیبراڵیزم) و (لیبراڵیزمی کلاسیک) دەکەین، لە تەوەری دووەمدا قسە لەسەر قۆناغی دواتری (لیبراڵیزم) (لیبراڵیزمی نوێ) و (نیۆلیبراڵیزم) دەکەین، ڕای هزرە لیبراڵەکانیش لە هەر قۆناغێکدا دەربارەی گۆڕانی سیاسی دەخەینە ڕوو، بەم شێوەیە:

### تەوەری یەکەم
### مانای چەمکی لیبراڵیزم و لیبراڵیزمی کلاسیک

**یەکەم/ چەمکی لیبراڵیزم وەکو هزرێکی سیاسی:**

(لیبراڵیزم) (Liberalism) بە شێوەیەکی گشتی مانای ئازادیخوازی و دۆکترینی تاکگەرایی دەگەیەنێت، (لیبراڵیزم) لە ئازادی وەکو بەهایەکی باڵادەست دەڕوانێت و پێ لەسەر ئازادی تاکەکەس دادەگرێت، جەوهەری سەرەکی (لیبراڵیزم) بڕوابوونە بە ڕەسەنێتی و لە پێشتربوونی تاک لە کۆمەڵگە **(Gaus, Gerald, 2000, 47)**.

چەمکی (لیبراڵ) یان (لیبراڵی) لە ووشەی (Liberty) وەرگیراوە، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (Liber) ی لاتینی کە مانای (ئازاد) یان (مرۆڤی ئازاد) دەگەیەنێت، کە لێوەی چەمکی (ئازادی) داکەوتوە **( Sargent, Lyman, 2009, 140)**. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا هاتوە کە ووشەی (لیبراڵی) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ دەربڕینی مانای (تاکە ئازادەکان، خانەدانەوەکان) بەکارهێنراوە، هەروەها مانای (ئازادبوون لە کۆت و بەندی ڕەفتارو گوفتار) ی بەخشیوە **(كيلاني، أمال، 2010، 19)**. بە هەمان شێوە ووشەی (freedom) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ گوزارشتکردن لە مانای ئازادی بەکاردێت و بەم شێوەیەش بە هاومانای (liberty) دادەنرێت. بەڵام هەندێ کەس جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ووشەیە دەکەن و وا لێکدەدەنەوە کە مانای (liberty) ئازادی دەرەکیە لە کاتێکدا (freedom) مانای ئازادی ناوەکیە، یاخود لیبەرتی مانای (ئازادبوون لە - freedom from)، دەگەیەنێت و فریدەم مانای (ئازادی بۆ - freedom for)، دەبەخشێت **(دۆگین، ئەلێکساندەر، ٢٠١٧، ٤٩)**. بەڵام سەرباری ئەوەش لە زۆر سەرچاوە ئینگلیزیەکاندا بۆ گوزارشتکردن لە مانای ئازادی و لە باسی تایبەت بە (لیبراڵیزم)دا فریدەم هاوشێوەی لیبەرتی بەکاردەهێنرێت و باسی جیاوازی نێوانیان نەوەکراوە.

(لیبراڵیزم) وەکو ڕێبازێکی هزری و وەکو ئایدۆلۆژیایەک هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی مێژووییە کە پەیوەندی بە ڕووخانی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی (فیوداڵیزم) و سەرهەڵدانی پەیوەندیەکانی بۆرژوازی و گەشەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریەوە هەیە **(دۆگین، ئەلێکساندەر، ٥١)**. ئەم هزرە لە ژێر کاریگەری مرۆڤگەرایی ڕێنیسانسدایەو تاکگەرایی وەکو جەوهەری (لیبراڵیزم) لە ڕوانینی نوێ بۆ مرۆڤ لە سەردەمی ڕێنیسانسدا هاتۆتە کایەوە. تاکگەرایی (لیبراڵیزم) چەمکێکی بوونناسانەو ئەخلاقیانەی دیاریکراوی هەیە، بەپێی ئەو مانایە تاک لە پێشەوەی کۆمەڵگا، بنەڕەتیترو ڕاستەقینەتر لەوە، لە بواری ئەخلاقیشەوە، تاک بایەخێکی سەروتر لە هەر کۆڕوکۆمەڵ یان سەرجەم کۆمەڵگای هەیە، لە بواری فەلسەفیشەوە، بوونی تاک لە پێشەوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سیاسیەوەیە **(ڤینسنت، ئەندرۆ، ٢٠٠٧، ٦٦)**.

توێژەرانی بواری هزرو ئایدۆلۆژیای سیاسی پۆلێنبەندیەکیان بۆ هزری (لیبراڵیزم) بە گوێرەی ڕوانگەی بیرمەندە لیبراڵەکان کردوە، بەگوێرەی ئەم پۆلێنبەندیە هزری (لیبراڵیزم) بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێت و لە هەر قۆناغێکیشدا گوزارشت لە ڕوانگەو دنیابینیەکی دیاریکراو دەکات. لە قۆناغی یەکەمدا (لیبراڵیزم) جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەسی و سنورداردکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکاتەوەو لە قۆناغی دووەمدا ڕوودەکاتە گرنگیدان بە ڕۆڵی دەوڵەت لە گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سنورداردکردنی ئازادی تاکەکەس و لە قۆناغی سێیەمیشدا جارێکیتر دەگەڕێتەوە سەر بەها سەرەتاییەکانی (لیبراڵیزم) لە جەختکردنەوە لەسەر ئازادی تاک و ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەت. دوای سەرهەڵدانی بیروڕای نوێ لای بیرمەندە نوێیەکانی (لیبراڵیزم) سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت و سنوری ئازادی و هێنانەوەکایەی بیروڕای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هزرە پێشینەوەکان لە ژێر ناوی (لیبراڵیزمی کلاسیک)) ناوزەد کران، کە هەندێک ئەم شێوازەی (لیبراڵیزم)یان لە ژێر ناونیشانی (لیبراڵیزمی ئابوری) ناساند **(كيلاني، أمال، 23)**. لێرەشەوە هزرە نوێیەکان لە ژێر ناوی (لیبراڵیزمی نوێ) یاخود (لیبراڵیزم)ی خۆشگوزەرانی سەریانهەڵدا کە زیاتر جەختی لەسەر خۆشگوزەرانی و ڕۆڵی دەوڵەت دەکردەوە تا ئازادی ئەبستراکت **(٢٤)**. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا جارێکیتر (لیبراڵیزم) لە ژێر ناوی (نیۆلیبراڵیزم) جەختی لەسەر بەها کۆنەوەکانی (لیبراڵیزمی کلاسیک) لە ئازادی تاکەکەسی و بازاڕی ئازاد و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە دەستێوەردانی ژیانی تاکەکان دەکردەوە.

**دووەم/ (لیبراڵیزمی کلاسیک):**

قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی هزری (لیبراڵیزم) و سەرەتای دەرکەوتنی ئەم هزرەیە لە مێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا، کە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی و سەرەتای سەردەمی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە. جەوهەری (لیبراڵیزم) لەم قۆناغەدا جیاکردنەوەی پانتایی دەوڵەت و کۆمەڵگەو سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە هەمبەر مافەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا دەگەیاند، (لیبراڵیزم) لێرەدا هەوڵێکی هزری بوو بۆ دیاریکردنی پانتایی تایبەتی (تاکەکەسی، خێزانی) لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا **(دۆگین، ئەلێکساندەر، ٤٨)**. بە هەمان شێوە، کورتکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت بوو لە پاراستنی دەسەڵاتی یاساو سیستمی ناوخۆو پارێزگاری لە خاوەندارێتی تایبەتی و ئاسایشی وڵات **(ڤینسینت، ئەندرۆ، ٦٢)**.

هزرمەندانی (لیبراڵیزمی کلاسیک) هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەتیان لە ژیانی تاکەکەسدا ڕەتدەکردەوەو پێیانوابوو، کە دەبێت مافی دەوڵەت بۆ دەستخستنە ناو ژیانی تایبەتی و مەدەنی تاکەکان لە ڕێگەی کۆتی بەهێزو دیاریکراوەوە سنوردار بکرێت، هەر چەشنە دەستێوەردانێکی دەوڵەتیشیان بە فاکتەری بێهێزکردنی تاک و دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی تاکەکەس لە قەڵەمدەدا **(ڤینسینت، ئەندرۆ، ٧٦)**. ئەم ڕوانگەیەی (لیبراڵیزم)یش لەسەر ئەو بنەما فەلسەفیە بونیادنرابوو کە مرۆڤەکان خاوەن عەقڵن و عەقڵیش دابینکەری ئازادی تاکەکەسەو تاکەکەسیش کاتێک دەتوانێت بەگوێرەی عەقڵ بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت ڕەفتار بکات کە ئازادی هەبێت **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ٢٠٠٩، ١١)**. بەپێی ئەم پرەنسیپانەش، ئازادی تاکەکەسی بە هەموو لایەنەکانیەوە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی تاک و کۆ دابین دەکات و یەکێکە لە پێداویستیەکانی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی خاوەن عەقڵ **(بەشیریە، حسێنی، ١٢)**.

عەقڵگەرایی (لیبراڵیزم) لە بنەمادا دژە کردەوەیەکی هزری بوو لە هەمبەر زاڵبوونی ڕوانگەی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست، کە لەسەر بنەمای هزری میتافیزیکی و لاهوتی دامەزرابوو کە سەرەنجام دەوڵەتی ڕەهای ئاینی هێنابوە بەرهەم. (لیبراڵیزم) لە بەرامبەردا عەقڵی تاکی کردە بنەمای حەقیقەت و هەوڵیدا عەقڵ لە هەر چەشنە خەیاڵ و دۆگمێکی ئاینی دابماڵێت، مرۆڤ لە ژێر هەژموونی کەنیسەو پیاوانی ئاینی دەربهێنێت و عەقڵی مرۆڤ بکاتە ڕێبەری ڕاستەقینەی ژیانی خۆی. (جۆن لۆک) لە بواری هزری سیاسی و (ئادەم سمیس) لە بواری هزری ئابوری دیارترین هزرمەندانی ئەم سەردەمەی (لیبراڵیزم) بوون کە کاریگەری گەورەیان لەسەر هزرمەندانی دواتری (لیبراڵیزم) بەدیهێنا.

**(جۆن لۆک – John locke) (١٦٣٢-١٧٠٤)**، بە باوکی تاکگەرایی (لیبراڵیزم) دادەنرێت و بیروبۆچوونەکانی کاریگەری قووڵی لەسەر هەموو ئەو هزرمەندانە دروستکرد کە لە دوای ئەو بوونە میراتگری (لیبراڵیزم) **(توشار، جان، الجزء الثاني، 2010، ٥٠٧)**. (جۆن لۆک) و پێش ئەویش (تۆماس هۆبز) جەخت لەسەر بونیادی دەستکردانەی دەوڵەت دەکەنەوەو کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراو بە بەرهەمی عەقڵی تاک وێنا دەکەن، هەردووکیان لە هەمان مەیلی تاکگەرایی و سودگەرایی و گرنگی دان بە ئاسایش و ئاشتی تاکەوە دەردەچن **(توشار، جان، 443)**. لای هەردووکیان دەوڵەت بەرهەمی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە کە لە عەقڵی تاکەکەسەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر بنەمای کۆبونەوەی تاکە ئازادەکان دادەمەزرێت **(بەشیریە، حسێنی، لیبراڵیزم و کۆنسێرڤاتیزم، ١٧)**.

بە بڕوای (جۆن لۆک) مرۆڤ بوونەوەرێکی عاقڵ و ئافرینەرەو بەدوای خۆشگوزەرانیدا دەگەڕێت کە هەمان ئامانجی عەقڵە، بەکارهێنانی عەقڵیش لای مرۆڤ وەکو ئامرازێکی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی پێویستی بە ئازادیە، لێرەشەوە ئازادی لە هزری (جۆن لۆک) دا دەبێتە ئامانجی یەکەمی مرۆڤ لە ژیاندا **(توشار، جان، الجزء الثاني، ٥٠٩)**. سەرجەم بەهاکانی تری وەکو یەکسانی، خاوەندارێتی تایبەت، دادپەروەری و مافی دۆزینەوەی بەختەوەری تاکەکەسی و شتی تری لەم چەشنە لە ئازادیەوە سەرچاوە دەگرن **(پۆلادی، کەمال، ٢٠١٩، ١١٧)**. خاوەندارێتی تایبەت بە یەکێک لە کەرەستە بنەڕەتیەکانی پاراستن و درێژەپێدانی ئازادی مرۆڤ دادەنرێت و بە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی سەربەخۆیی تاک بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەت لە قەڵەمدەدرێت **(بەشیریە/ حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ١٣)**. یەکسانی و دادپەروەریش بە هەمان شێوە دوو ئامرازی گرنگی دابینکردنی ئازادین و ناکرێت بە ناوی بەدیهێنانی یەکسانی یاخود گەیشتن بە دادپەروەری، ئازادی بەرتەسک بکرێتەوە یاخود لەناو بربێت **(بەشیریە، حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ١١)**.

بەم شێوەیە ئازادی تاکەکەس لە (لیبراڵیزمی کلاسیک)دا گرنگترین و ڕەسەنترین بەهای مرۆڤەو سەرجەم بەهاکانی تر لە یەکسانی و دادپەروەری دەچنە خزمەت بەدیهێنانی ئەم ئازادیەو ناکرێت دەوڵەت بە ناوی یەکسانی و دادپەروەریەوە ئازادی سنوردار بکات. خاوەندارێتی تایبەتیش وەکو مافێکی گرنگ و بایەخداری مرۆڤ لە هزری (لیبراڵیزمی کلاسیک)دا لە خزمەتی ئازادیدا دەبێت و زامنی مانەوەو پاراستنی ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەکات. بەم شێوەیەش ئازادی سیاسی جەوهەری تێڕوانینی (لیبراڵیزمی کلاسیک) پیکدێنێت و ئازادی مرۆڤ بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریدا بە ڕێبەری عەقڵ کرۆکی هزری (لیبراڵیزم) بەرجەستە دەکات.

لای ئابوریزانی ئینگلیزی **(ئادەم سمیس – Adam Smith) (١٧٢٣-١٧٩٠)** مانای (لیبراڵیزم) زیاتر لە ئازادی ئابوریدا بەرجەستە دەبێت تاوەکو ئازادی سیاسی. (سمیس) بانگەشەی ئازادی بازرگانی دەکات و دەڵێت "گەشەو خۆشگوزەرانی ئابوری بە ڕەخساندنی ئازادیەکی تەواو بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە مامەڵە ئابوریەکانیان بەدیدێت"، لەم ڕووەشەوە سیستمی ئابوری نمونەیی لای (سمیس) بریتیە لە بازاڕی ئازاد **(Cahoone, Lawrence, 2014, 53)**.

ڕۆڵی دەوڵەتیش بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە چ لای (جۆن لۆک) و چ لای (ئادەم سمیس) خۆی لە پاراستنی ئازادیەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لەو مافانە دەبینێتەوە کە مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان خاوەنین و کەس بۆی نیە لێیان زەوت بکات **(Cahoone, Lawrence, 37)**. واتا ئەرکی دەوڵەت تەنها پارێزگاری کردنە لە ئازادی تاکەکان و بەدەر لەوە بۆی نیە دەست لە ژیانی کۆمەڵگە وەربدات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هزرمەندی ئەمریکی (تۆماس جێفرسۆن) دەوڵەت بە هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر کۆمەڵگە دادەنێت و پێیوایە کە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ کە لە یاسای سروشتیەوە سەرچاوەی گرتوە، بە بەردەوامی لە لایەن دەوڵەتەوە دووچاری زەوتکردن دەبن **(توشار، جان، 603)**.

هەر لەم میانەیەدا (لیبراڵیزمی کلاسیک) ئەو مافە دەداتە خەڵک کە بە گژ دەسەڵاتێکدا بچنەوەو شۆڕش دژی بەرپا بکەن ئەگەر لە پاراستنی ئازادی شکستی هێنا یاخود خۆی دەستوەردانی لە مافی خاوەندارێتی و ئازادی تاکەکاندا کرد. (تۆماس جێفرسۆن) بەرپاکردنی شۆڕش دژی دەوڵەت ئەگەر نەیتوانی بەرگری لە ماف و ئازادی تاکەکان بکات، پاساو دەدات **(توشار، جان، ٦٠١)**. (جۆن لۆک) یش بە هەمان شێوە شۆڕشکردن لە دژی دەسەڵاتێک کە پێشێلی مافە سروشتیەکانی تاکەکان بکات یاخود نەتوانێت پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی بکات و ئازادی بپارێزێت، بە ڕەوا دەزانێت **(توشار، جان، ٥١٠)**.

بەم پێیەش هزرە لیبراڵەکان لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدە شۆڕشێکی تیۆریان بەرپاکردو بیرۆکەی سنوردارکردنی دەسەڵاتیان لە چوارچێوەی یاساداو هزری دەستکردبوونی دەوڵەتیان هێنایەکایەوە، لەو دوو سەدەیەدا هزرە لیبراڵەکان سەرچاوەی سەرەکی ئەو شۆڕش و ریفۆرمانە بوون کە لە ئەوروپادا ڕوویاندەدا **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ١٩)**. (لیبراڵیزم) لەم ماوەیەدا بۆ لەناوبردنی لەمپەرە نەریتیەکان و باوەڕگەلی کەنیسەیی بانگەشەی بۆ ئایدۆلۆژیای خۆی دەکرد، بەم پێیەش شۆڕشگەلێک لە وڵاتە پیشەسازیەکان سەریانهەڵدا، کە گرنگترینیان شۆڕشەکانی ئینگلتەرە (١٦٦٠-١٦٤٢) و شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦) و شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) بوون **(سەلاحی، مەلەک یەحیا، ١٥)**. باسەکانی (جۆن لۆک) یش لە زۆربەی نوسراوەکانیدا زیاتر پاساوهێنانەوە بوو بۆ شۆڕشی (١٦٨٨) ی ئینگلیزی **(Cahoone, Lawrence, 32)**.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕوانگەی (لیبراڵیزمی کلاسیک) بۆ گۆڕانی سیاسی خۆی لە بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی ستەمکارو بەرپاکردنی شۆڕشی خەڵکدا دەبینێتەوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی سیستەمێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای ئازادی و مافی خاوەندارێتی دامەزرابێت. بە گوێرەی ئەمەش گۆڕانی سیاسی لای (لیبراڵیزمی کلاسیک) گۆڕانێکە لە خوارەوە لە لایەن خەڵکەوە سەرهەڵدەدات و لە پێناوی پاراستنی ماف و ئازادی تاکەکاندا پەنا بۆ شۆڕش دەبات، ئامانجی گۆڕانیش گۆڕینی سیستمی ستەمکار وهێنانەوەکایەی سیستمێکە کە ئازادی تاکەکەس پایەدار بکات و مافی خاوەندارێتی تاکەکان بپارێزێت، بەم پێیەش گۆڕانی گۆڕانێکی ڕیشەیی دەبێت ڕوخاندنی سیستمی کۆن و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی نوێ کە لەسەر بنەمای ئازادی تاک دامەزرابێت، دەکاتە ئامانج.

ئەم ڕوانگەیەی (لیبراڵیزمی کلاسیک)، بە بەردەوامی لەسەر هەمان تەوەر نەمایەوە، بەڵکو لە قۆناغی دواتردا گۆڕانی بەسەردا هات و ڕوانگەو ئاراستەی جیاوازو هەندێکجار دژبەیەک هاتنەوەکایەوە. هزری ئازادی ڕەهای تاکەکەس و بیرۆکەی دەوڵەتی پارێزەر لەسەر دەستی هزرمەندانی هاوشێوەی (جێرمی بێنتام و جۆن ستیوارت میل) ڕەخنەی لێگیراو هزری لیبراڵیزم تێکەڵ بە چەمکی دیموکراسی کراو چەمکی لیبراڵ دیموکراسی و بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە ژێر ناونیشانی (لیبراڵیزمی نوێ) هاتەکایەوە، دواتریش جارێکیتر بیرۆکەی دەوڵەتی پارێزەرو ئابوری بازاڕی ئازاد لە ژێر ناونیشانی (نیۆلیبراڵیزم) جەختی لەسەر بەها کۆنەوەکانی (لیبراڵیزمی کلاسیک) دەکردەوە.

## تەوەری دووەم
## هزری (لیبراڵیزم) لە نێوان (لیبراڵیزمی نوێ) و (نیۆلیبراڵیزم):

### یەکەم/ لیبراڵیزمی نوێ (New Liberalism):

بە پێچەوانەی (لیبراڵیزمی کلاسیک) کە زیاتر جەختی لەسەر ئازادی تاکەکەس دەکردەوەو یەکسانی و دادپەروەری بە هەڕەشەیەک لەسەر ئازادی دادەنا، (لیبراڵیزمی نوێ) لەگەڵ هزرەکانی قوتابخانەی (سوودگەرایی) و بە تایبەتی هزرەکانی **(جێرمی بێنتام - Jeremy Bentham) (١٧٤٨-١٨٣٢)** و **(جۆن ستیوارت میل - John Stwart Mill) (١٨٠٦-١٨٣٧)**، لە بری ئازادی پێی لەسەر خۆشی و شادی بۆ زۆربەی خەڵک دادەگرت **(توشار، جان، ٧٠٧)**. (جێرمی بێنتام) بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەکو خەیاڵێک سەبارەت بە مافە سروشتیەکانی تاک ڕەتکردەوەو بەدیهێنانی خۆشی و شادی بۆ زۆربەی خەڵک بە تاکە پاساوی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە قەڵەمدا **(Cahoone, Lawrence, 97)**. (جۆن ستیوارت میل)یش سەپاندنی کۆت و بەندی بەسەر کردەوەکانی تاکەکەسدا لە پێناوی پاراستنی شکۆو ڕێزی مرۆڤ بە پێویست دەزانی، لەم پێناوەشدا ئازادی ڕەهای ڕەتدەکردەوەو پاساوی بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوری لە پێناوی کەمکردنەوەی کاریگەری نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان و خۆشترکردنی ژیانی خەڵکدا دەهێنایەوە **(ستیوارت میل، جون، 1996)**.

چەمکی سوودگەرایی لای (میل) تەنها لە گەڕان بەدوای چێژدا کورت نەدەبووەوە، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەگرتن لە کۆست و ناڕەحەتی و کەمکردنەوەی ئازاردا بەرجەستە دەبوو **(ستیوارت میل، جون، ٥٠)**، بە هەمان شێوەش مانای چێژ تەنها لە چێژە جەستەییەکاندا کورت نەدەبووەوە، بەڵکو بە بڕوای ئەو چێژە عەقڵی و ئەخلاقیەکان بەرزترو پیرۆزترن **(ستیوارت میل، جون، ٤٥)**.

بە بڕوای (میل) تاکەکەس بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو لە پێشکەوتن و گۆڕانی هەمیشەییدایەو لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانەشدا، بە ناچاری پێویستی بە ئەویترە **(تۆدارد، کاترین، ٢٠١٨، ١٦)**، لێرەشەوە دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێناوی هاوکاریکردنی پەراوێزخراوان و سنوردارکردنی مافی خاوەندارێتی تایبەت بە گوێرەی دیسپلین و یاسایەکی دیاریکراو لە هزری (میل) دا سەرهەڵدەدات، هەر ئەم دەستێوەردانەشە کە بە گوێرەی میل دەرفەت بۆ بەدیهێنانی زۆرترین ڕێژەی ئازادی تاکەکەس دەڕەخسێنێت **(ابراهیم، موسى، 2011، 175)**.

(میل) بڕوای بە دەستێوەردانی مرۆڤ لە ژیانی سیاسی لە پێناوی بەدیهێنانی ژیانێکی باشتردا هەبوو، هەروەکو دەڵێت: "بە کورتی دەکرێت بەسەر سەرجەم سەرچاوە گەورەکانی ئەشکەنجەو ئازاری مرۆییدا زاڵبین یاخود بەسەر زۆربەیاندا زاڵبین، ئەمەش بە هەوڵی مرۆیی و بە تواناو ویستی مرۆڤ بەدیدێت" **(ستیوارت میل، جون، ٥٣)**.

بەم شێوەیە هزری نوێی (لیبراڵیزم) زیاتر بەلای دەستێوەردانی دەوڵەت و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک و دەسەڵاتی یاساو سنوردارکردنی ئازادی تاکەکەس لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی دەشکێتەوە، کە هەر ئەم بەهایانەبوون دواتر دیموکراسیان پایەدار کردو هزری (لیبراڵیزم)یان بە هزری دیموکراسیەوە گرێداو ڕوانگەی لیبراڵ دیموکراسیان هێنایەکایەوە.

دواتریش **(تۆماس هیل گرین ــ ١٨٣٦-١٨٨٢) (Tomas Hill Green)** پەرەیدا بە ئایدیاکانی (میل) و لەویش سەختگیرتر سەرکۆنەی ستەمی (ئازادی گرێبەستی کۆمەڵایەتی) کرد، بە بڕوای (گرین) مانای ئازادی تەنها ڕێگرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی تاکدا نیە (ئازادی نەرێنی)، بەڵکو مانای ئازادی توانایی مرۆڤە بۆ چێژوەرگرتن لە شتێک یاخود بەدیهێنانی ئامانجێک کە خۆی بەلایەوە گرنگە (ئازادی ئەرێنی). لێرەشەوە ڕۆڵی چارەنوسسازانەی دەوڵەت لە ژیانی تاکەکاندا لای گرین دەردەکەوێت کە خۆی لە ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم تاکەکان لە پێناوی بینینی ڕۆڵێکی گونجاو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینیەوە **(ابراهیم، موسى، 176)**. بە بڕوای (گرین) مافی دەوڵەتە کە یاساو ڕێنماییەکان لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی گشتی و مولکایەتی تایبەت و یاسای کار لە پێناوی کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی ئازادی تاکەکەس دابنێت، هەروەک چۆن پێیوابوو بازاڕیش دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیەو پێویستە وەکو هەر دامەزراوەیەکی تر لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێت و لە بەرژەوەندی گشتی بخرێتەگەڕ **(تۆدارد، کاترین، ٢٤)**.

بە گشتی (گرین) وەکو هزرمەندێکی دیاری (لیبراڵیزمی نوێ)، وا دادەنێت کە سروشتی مرۆیی بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتیەو بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا باڵاترین وێنەی گەشەی کەسێتیە، خەڵک ملکەچی بەرژەوەندی گشتی دەبن، ئەمەش ووشیاری هاوبەشە بە ئامانجێکی هاوبەش، بەڵام سیاسەت ڕێکخستنێکە لە پێناوی

دروستکردنی مەرجە کۆمەڵایەتیەکان کە وا دەکات گەشەی ئەخلاقی شیاو بێت. ئازادی لای (گرین) ئەرێنیە، بریتیە لە توانایی لەسەر کردار نەوەک توانایی لەسەر سامان، پشتگیری دەستیوەردانی دەوڵەت دەکات بە ئامانجی زامنکردنی پەروەردەی نیشتمانی و تەندروستی گشتی، هەروەها داوای ئەوە دەکات دەوڵەت هانی سەندیکاو هاریکاریەکان و کۆمەڵە زامنکاریەکان بدات **(توشار، جان، ٨٧٧)**.

**(لیۆنارد ت. هۆبهاوز - Leonard T. Hobhause) (١٨٦٤-١٩٢٩)**یش بە هەمان شێوە وەکو هزرمەندێکی (لیبراڵیزمی نوێ)، ڕەخنە لە (لیبراڵیزم)ی ئابوری دەگرێت و هەوڵی نزیک کردنەوەی (لیبراڵیزم) لە سۆشیالیزم دەداو لە میانەی سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەی ئازادیەوە بەرەو لەخۆگرتنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دیموکراسی دەڕوات **(Gaus, Gerald, 49)**. (هۆبهاوز) بەرگری لەو ڕۆڵەی دەوڵەت دەکات کە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، پشتیوانی لەو ئایدیایەش دەکات کە دەڵێت "ریفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ ڕێزو پلەو پایەی تاکەکەسیدا دەگونجێن" **(تۆدارد، کاترین، ٢٥)**. ئازادی لای (هۆبهاوز) بە هەمان شێوەی بیرمەندانی تری (لیبراڵیزمی نوێ)، لە میانەی ژیانی بە کۆمەڵدا دەردەکەوێت نەوەک ژیانی تاکەکەسی، هەروەکو دەڵێت: (ئازادی نابێتە مافێک لە مافەکانی تاکەکەس، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگەوە) **(تۆدارد، کاترین، ٣٥)**.

بەم شێوەیە (لیبراڵیزمی نوێ) لە هزری ( گرین) و (هۆبهاوز)یشدا بە هەمان شێوەی (میل) بەرەو سنوردارکردنی ئازادی تاکەکەس لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و ڕۆڵی دەوڵەت و یاسا لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی خەڵک وەرچەرخا. لێرەدا ئایدیای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هاتەکایەوە کە جەختی لەسەر ئەرکی دەوڵەت لە بەدیهێنانی خۆشی و شادی بۆ خەڵک دەکردەوە، ئەم هزرە لای ئابوریزانی ئینگلیزی **(جۆن مینارد کینز – John Maynard Keynes) (١٨٨٣-١٩٤٦)**، بە تەواوی پایەدار بوو.

(کینز)، لە کتێبەکەیدا (تیۆریایەکی گشتی دەربارەی بەکارهێنان و قازانج و دراو) کە لە ساڵی (١٩٣٦) دا نووسی پێش هەموو شتێک دژی بێکاری بوو، بە بڕوای ئەو سیاسەتی (لیبراڵیزمی کلاسیک) هۆکاری سەرهەڵدانی بوو **(توشار، جان، الجزء الثالث، ١٠٦٥)**. (کینز) لەم کتێبەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە (لیبراڵیزم)ی سەدەی نۆزدە لە جیهانی هاوچەرخدا قبوڵکراو نیە، هەوڵیدەدا ئامرازگەلێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی (سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی) بدۆزێتەوەو سەرەنجامیش سیاسەتێکی ئابوری هێنایەکایەوە کە بە (ئابوری کینزی) ناسرا **(توشار، جان، الجزء الثالث، ١٠٦٦)**. (ئابوی کینزی) لە سیبەکانی سەدەی ڕابوردوودا جەختی جۆراوجۆر بوو سەبارەت بە کۆنترۆڵی زیاتری سەرپەرشتی دەوڵەت لەسەر سیستمی بازاڕ لە پێناوی کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری، کە هەر ئەمەش لە دواییدا بووە کاکڵەی پرەنسیپی (لیبراڵیزمی نوێ) **(ڤینسینت، ئەندرۆ، ٩٤)**.

هزرمەندە (پراگماتیست)ەکانیش لە ئەمریکا بە هەمان شێوە جەختیان لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکردەوە، پراگماتیستەکان بڕوایان وابوو کە ماناو ڕاستێتی ڕووداوەکان دەبێت لە قازانج و ئامانجی ئەواندا بدۆزرێتەوە نەوەک لە بیرو هزرە پێشترەکاندا **(بەشیریە،حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ١٤)**. بەناوبانگترین بیرمەندانی پراگماتیست **(چارلز پێرس – Charles Sanders Peirce) (١٨٣٩-١٩١٤)**، **(ویلیام جەیمس –William James) (١٨٤٢-١٩١٠)**، **(جۆن دیوی – John Dewey) (١٨٥٩-١٩٥٢)**، سەرەڕای جیاوازی تێڕوانیان لە هەندێ بواردا، بەڵام هەموویان لەو بۆچوونەدا هاوڕا بوون کە "ڕاستێتی هزرەکان لە گەیاندنی سوودو قازانج بە خەڵك دەردەکەوێت. هزرەکان کاتێک وە ڕاست دەگەڕێن کە ژیانی خەڵک ئاراستە بکەن و ئامانجیان پێ نیشانبدەن، واتا هۆی خێرو بێرو خۆشی و ڕەزامەندی خەڵک بن" **(بەشیریە،حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ١٥)**.

گرنگی ئەم ڕوانگە پراگماتیستیەش لەوەدابوو کە خەڵکی لە پابەندبوون بە بیرونەریتی داڕێژراو وەک سەرچاوەی ڕاستیەکان ڕزگار دەکات و بەکارهێنانی هەر جۆرە گۆڕانکاری و داهێنانێک کە بە قازانجی ژیانی مرۆڤ بێت پاساو دەدات. بەم مانایە (پراگماتیزم) فەلسەفەی ئەزموون و ریفۆرمی بەردەوام و ڕزگاری لە ڕابوردوو نەریتی کۆنەو لەم ڕووەوە ڕووبەڕوی ڕەهاگەرایی دەبێتەوە **(بەشیریە،حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ١٥)**. (ولیام جەیمس) پارێزگاری لە (لیبراڵ- دیموکراسی) دەکات بەو پێیەی لە میانەیدا، ڕاستیەکان بەردەوام دەگۆڕێن و مرۆڤ لە پانتایی ئازادیدا دەژێت و پێبەندی هیچ ڕاستیەکی نەگۆڕ نابێت. بە بڕوای (جۆن دیوی) یش سروشتی مرۆڤ نەگۆڕو پتەو نیە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە، مرۆڤ بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و سەرکەوتندایەو ڕوی لە ئامانجێکە کە پێناسە ناکرێت **(بەشیریە،حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ٥٨)**. (دیوی) بە توندی ڕەخنەی لە (لیبراڵیزمی کلاسیک) دەگرت و بەناوی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتیەوە ڕوانگەی تاکگەرایی ئەتۆمی – کە لە ڕوانگەیەکی مادیانەی پەتیەوە دەیڕوانییە تاکەکەس - ڕەتدەکردەوە **(تۆدارد، کاترین، ٢٨)**.

بەم شێوەیە ئەگەر (لیبراڵیزمی کلاسیک) بایەخێکی زۆر تایبەتی بە پاراستنی تاکەکان دژ بە دەستوەردانەوەکانی دەوڵەت دابێت، ئەوا لە بەرامبەردا (لیبراڵیزمی نوێ) جەخت لەسەر دەستیوەردانی دەوڵەت بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی دەکاتەوە. دەوڵەت لە قەوارەیەکی مەترسیدارەوە لەسەر تاکەکەس بوو بە هێزو توانای چاکەو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بووە ئەرکی لە پێشینەی دەوڵەت **(تۆدارد، کاترین، ٤١)**. (لیبراڵیزمی نوێ) داوا لە دەوڵەت دەکات دەست لە ئابوری وەربدات تاوەکو زیدەڕەوی نەریتی سەرمایەو بازاڕ جڵەو بکات، چیتر ئەرکی دەوڵەت لە پاراستنی تاکەکان و ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکاندا کورت نابێتەوە وەکو ئەوەی (لیبراڵیزمی کلاسیک) بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو ئەرکەکەی بۆتە بەدیهێنانی بەختەوەری تاکەکان لە ڕێگەی کاری بەهێزکردنی سەقامگیری ئابوری و دیسپلینکردنی بازاڕەوە **(تۆدارد، کاترین، ٤١)**.

بەم شێوەیە وەکو چۆن (لۆک) بنەمایەکی فەلسەفی بۆ هەڵگیرسانی (شۆڕشی ئینگلیزی) ساڵی (١٦٨٨) وەکو پاساوێک بۆ شۆڕش بەسەر فەرمانڕەوایی ڕەهادا، هێنایەکایەوە (میل)یش هات تاوەکو پاساوی ڕوانگەی ریفۆرمخوازی بێنێتەوەو بنەمایەکی تیۆری بۆ دابنێت **(ابراهیم، موسی، ١٧٥)**. جەختکردنەوە لەسەر گۆڕانی دیموکراسی و پەنابردنە بەر سندوقەکانی دەنگدان و مافی هەڵبژاردن بۆ هەموو کەسێک گرنگترین پرەنسیپەکانی (لیبراڵیزمی نوێ) بوون کە لە میانەیدا گۆڕانی سیاسی لە چوارچێوەی ریفۆرم و هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بەرجەستە دەبوو **(الجبالي، صقر، ٢٠١٤، ١١٤)**.

بە گشتی (لیبراڵە نوێیەکان) هەروەکو لە ڕوانگەی هزرمەندە پراگماتیستەکاندا دەردەکەوت، پاساویان بۆ ڕێژەیی بوونی هزرو ئایدیاکان دەهێنایەوەو دژی هەر چەشنە بیروبۆچوونێکی ڕەهاو دۆگمایی بوون کە بیرۆکە شۆڕشگێڕیەکان پاساویان پێدەهێنایەوە. لای ئەمان خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئامانجی سەرەکیەو هزرەکان بەگوێرەی بارودۆخەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و ڕاستێتی و شیاوبوونیشیان پشت بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەبەستێت. لێرەشەوە ئەم بۆچوونە پاساوی بۆ هزری ریفۆرمخوازی و هەوڵدان بۆ چاککردنی بارودۆخەکان دەهێنایەوە، نەوەک گۆڕینی سیستمی سیاسی و ڕووخاندنی دەسەڵاتە ستەمکارەکان وەکو ئەوەی کە (لیبراڵیزمی کلاسیک) پاساوی بۆ دەهێنایەوە.

دەوڵەت لە (لیبراڵیزمی نوێ)دا ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیەو شایانی ڕێزگرتن و پەنا بۆ بردنە نەوەک دژایەتی کردن و ڕووخاندن، باشترکردنی ژیانی خەڵک لە هزری (لیبراڵیزمی نوێ)دا ئەرکی سەرەکی دەوڵەتەو ئەم ئەرکەش پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە دیموکراسی و ئاشتیانەکان هەیە نەوەک زەبروزەنگ و شۆڕش و توندوتیژی. بەم پێیەش گۆڕانی سیاسی لە هزری (لیبراڵیزمی نوێ)دا گۆڕانێکی ئاشتیخوازانەو دیموکراسیانەیەو لە لایەن نوخبەی فەرمانڕەواوە لە ڕێگەی ڕیفۆرمی بەردەوامەوە ئەنجام دەدرێت.

**دووەم/ (نیۆلیبراڵیزم - Neoliberalism):**

هزری دەوڵەتسالارانەو کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی (لیبراڵیزمی نوێ) لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە لایەن تیۆریای (نیۆلیبراڵیزم)ەوە بە توندی دژایەتی کراو هزری (لیبراڵیزم) بەرەو ڕوانگەی سنوردارکردنی دەوڵەت و پایەدارکردنی ئازادی تاکەکەسی گەڕایەوە.

چەمکی (نیۆلیبراڵیزم) زیاتر لە لایەن دژەکانیەوە بەکاردەهات تاوەکو لایەنگرانی- چەپە نوێیەکان بۆ نمونە (دەیڤد هارڤەی – David Harvey) کتێبێکی بە ناوی (Neoliberalism) لە ساڵی (٢٠٠٧)دا نووسی، تیایدا ڕەخنە لەو ڕوانگەیەی (لیبراڵیزم) دەگرێت کە پاساو بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد دێنێتەوە) - ئەم چەمکە ئاماژە بوو بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، کە یاسای بازاڕی بەسەر یاسای حکومەتدا شکۆدار دەکردو هانی کەمکردنەوەی خەرجی گشتی و کەمکردنەوەی باج و لاوازکردنی یەکێتیە کرێکاریەکانی دەداو دژایەتی ڕێکخستنی حکومی بۆ چالاکی ئابوری دەکرد **(وسویل، إیفانز، 2016)**. بنەما سەرەکیەکانی (نیۆلیبراڵیزم) بریتیبوون لە (یاسای بازاڕ، ئازادکردنی بازاڕ لە هەر باجێک کە حکومەت دەیسەپێنێت، لابردنی چاودێری لەسەر نرخ، ئازادی تەواوی جوڵەی سەرمایەو کەلوپەل و خزمەتگوزاری، کەمکردنەوەی خەرجی گشتی لەسەر خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان وەکو پەروەردەو چاودێری تەندروستی **(مارتینز، إلیزابیث – أرنولد، غارسیا، 2012)**. لە دیدی (نیۆلیبراڵیزم)دا، هزرە نوێیەکان (لیبراڵیزم)یان دووچاری قەیران کردوەو دەرچوون لە قەیرانیش تەنها لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ پرەنسیپە تاکگەراییەکان و (ئازادی ململانێ)وە بەدیدێت، کە لە (لیبراڵیزمی کلاسیک)دا لە ئارادا بوو، بە بڕوای (نیۆلیبراڵیزم) هەموو کێشەیەک لە دەستێوەردانی دەوڵەتەوە سەرهەڵدەدات کە لوت لە شتێک دەژەنێت کە هی خۆی نیە **(توشار، جان، 1060)**.

بیرمەندانی نیو(لیبراڵیزم) جەخت لەسەر بێلایەنی بازاڕ و ڕێگرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەت دەکەنەوەو بێلایەنی بەهایی و پێوانەیی بازاڕ بە سەرچاوەی هێزەکەی لە قەڵەمدەدەن. پێیان وایە بازاڕ پێویستی بە پاساو هێنانەوەی پێوانەیی (نۆرماتیڤ) و بەهایی نیە لەبەرئەوەی هەموو پێوانەیەکی دەرەکی ڕەتدەکاتەوە جگە لە پێوانەی ئاڵوگۆڕی دادپەروەرانە، **(فریدریک فۆن هایک – Friedrich Von Hayek) ( ١٨٩٩-١٩٩٢)**، لە سەرەتای گەشە هزریەکەی و لە پاساوەکانیدا بۆ ئابوری بازاڕ لایەنگرو سەرخەری ئەم بۆچوونە بوو **(منصور، أشرف، 2008، ١٧٤)**. بە بڕوای (هایک) باشترین سیاسەتی گونجاو سیاسەتی ئازادی تاکەکەسیە هەروەک چۆن لە سەدەی نۆزدەدا بەو شێوەیە بووە **(توشار، جان، 1061)**. (هایک) گەورەترین مەودا بۆ ئۆتۆنۆمی (Autonomy) و سەربەخۆیی تاک بە بێلایەنی بەهایی بازاڕ دەبەستێتەوە، بەو پێیەی بە بڕوای ئەو بێلایەنی بازاڕ وا لە تاکەکان دەکات بتوانن بە گوێرەی بۆچوونەکانی خۆیان و بەبێ پابەندبوون بە بەهاو ئامانجە سەپێنراوەکان بە سەریاندا، پەرە بە خۆیان بدەن. ئابوری بازاڕ بە گوێرەی (هایک) گەیشتن بە بڕیاری عەقڵانیانە فەراهەمدەکات، ئەمەش لەسەر ئەو بڕوایەی کە بوار بۆ بەراورد کردن لە نێوان چەند جێگرەوەو هەڵێکی بەردەستدا دەڕەخسێنێت **(منصور، أشرف، 175)**.

بەم پێیە هزری (نیۆلیبراڵیزم) لە ڕێگەی بەرگری کردن لە بەهای (ئازادی تاکەکەس) و سەروەری (بازاڕی ئازاد) و (سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت)، بەرپەرچی بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (لیبراڵیزمی نوێ)ی سەدەی نۆزدەی دایەوەو هەوڵیدا جارێکیتر پرەنسیپەکانی (لیبراڵیزمی کلاسیک) زیندوو بکاتەوە بە تایبەتی لە ڕوانگە ئابوریەکەیدا، کە خۆی لە بیرۆکەی بازاڕی ئازادو لابردنی کۆتەکانی سەر کارکردنی تاکەکەس دەبینیەوە.

کاریگەری هزرە نیۆلیبرالەکان بە تایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا زۆر بەرچاو بوو، وە گرنگترین هزرمەندانیشی جگە لە (فریدریک فۆن هایک) بریتیبوون لە **(میلتۆن فریدمان – Milton Friedman) (١٩١٢-٢٠٠٦)، (ڕۆبەرت نۆزیک – Robert Nozick) (١٩٣٨-٢٠٠٢) (مارشال، جوردون، 1238)**. (نیۆلیبراڵیزم)ی (هایک و فریدمان و نۆزیک)، هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە سەرزەنشتی زیدەڕەوییەکان و پشێوییەکان و شکستەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری بکەن، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕێبازی شیکاری کلاسیکی تاکەکەسی **(ئۆدارد، کاترین، ٤٧)**. (نۆزیک) بەڵگەی دەهێنایەوە کە یەکێک لە سەرەکیترین خراپیەکانی سوودگەرایی ئەوەیە کە کۆششی ئەو بۆ سوودو بەهرەیەو هۆکارە بۆ ڕووخان و لە بەینبردنی تاکەکان و ئازادی تاک **(ڤینسینت، ئەندرۆ، ٧٢)**. (هایک)یش بە تیۆرسێنی دژە تیۆریای (کینزی) بەناوبانگ بوو، لە یەکەم کتێبیدا (تیۆری ڕەخنەو ڕۆڵی بازرگانی) ڕەخنەی لە کتێبی (گەڕان بە دوای پارە) ی (کینز)دا دەگرت **(مارشال، جوردون، ١٥٦٢)**. (نۆزیک) لە کتێبی (ئاژاوەو دەوڵەت و یۆتۆپیا) ڕۆڵی دەوڵەت تەنها لە ئامرازی پاسەوانی کورت دەکاتەوە، (هایک) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سیاسەت و ئابوری ئایدیاڵی (ڕێکخستنگەلی لەخۆوەیی) نوێنەرایەتی بازاڕی ئازاد دەکەن **(مارشال، جۆردون، ١٣٢٧)**. (هایک) جەخت لەسەر گەشەی خۆبەخۆی بازاڕی سەرمایەداری دەکاتەوەو پێی وایە سەرمایەداری خۆبەخۆو بەبێ هیچ پلانێکی پێش وەختەو جێ مەبەست لە دایک دەبێت و گەشە دەکات و توانای خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبردنی هەیە. ئەمەش بە پشت بەستن بە توێژینەوە نوێیەکانی بایۆلۆجیاو زانستی سیبرناتیکا بەو پێیەی چۆن ئەم زانستانە سەلماندویانە کە سیستەمێکی لە خۆوە سەرهەڵدەدات و بەخۆی کارلێکە بایۆلۆجی و فیزیاییەکانی دیاردەکانی گەردون و بونەوەرەکان ڕێکدەخات، بە هەمان شێوە ڕێسایەکی گەڵاڵە نەکراوو خودڕابوو بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە **(منصور، أشرف، ١٧٨)**. بە بڕوای (هایک) ڕوونترین دیمەنی سیستمی خودڕابوو لە کۆمەڵگەدا دانوستان و بازاڕە، بازاڕ ئەگەر لێیگەڕێن خۆی لە خۆیدا مەیلی بەرەو هاوسەنگی هەیەو بە هاوسەنگی دەگات **(Tower, Lyman, 138)**.

**(والتەر لیپمان – Walter Lippmann) (١٨٨٩-١٩٧٤)**، یەکێکی ترە لەو بیرمەندانەی (نیۆلیبراڵیزم) کە ڕەخنە لە (لیبراڵیزمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی) دەگرێت و کتێبەکەی (کۆمەڵگەی باش - good society) ڕەتکردنەوەیەکی توندی هزرە گەشبینانەکانە کە لە ماوەی گەشانەوەدا لە ئەمریکا باوی بوو. (لیپمان)، (لیبراڵیزمی نوێ) بە پشتکردنە ئایدیا ڕادیکالیەکانی سەرەتایی تاوانبار دەکات و دەڵێت: "(لیبراڵیزم) گۆڕاوە بۆ سیستمی قبوڵکردنی دۆخی باوو بەرگری لێکردنی" **(توشار، جان، ١٠٦١)**. بە گوێرەی (لیپمان) ئابوری پلان بۆ دانراو (مخطط) - کە (لیبراڵیزمی نوێ) پاساوی بۆ دەهێنایەوە - بەرەو جەنگ دەڕوات، دەکرێت دیموکراسی لەکەدار بکات و بەرژەوەندیە تایبەتەکان بەهێز بکات و بەرەو ناوەندچێتی و تۆتالیتاریەت هەنگاو هەڵبگرێت **(توشار، جان، ١٠٦٢)**. (لیپمان) وا دادەنێ کە جیهانی ئەمڕۆ بە تەواوی

ڕۆحی کۆمەڵگەگەرایی بەسەریدا زاڵەو، لەم ڕوانگەیەشەوە لێکچوێنێکی بنەڕەتی لە نێوان دەوڵەتە تۆتالیتاریە ستەمکارەکاندا لە ئارادایە، هەربۆیەش لە ڕەخنەکانیدا ڕوسیای سۆڤێتی و ئیتالیای فاشی و ئەڵمانیای نازی پێکەوە کۆدەکاتەوەو بە هەڕەشە بۆ سەر ئازادی لە قەڵەمیان دەدات **(توشار، جان، ١٠٦٢)**.

لە بەریتانیاو وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هزری (نیۆلیبراڵیزم) لەگەڵ گەیشتنە دەسەلاتی هەریەک لە ڕۆناڵد ڕیگان لە ئەمریکاو مارگریت تاتشەر لە بەریتانیا پراکتیزە کراو هەوڵدرا سیاسەتی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەو هزرە ڕێکبخرێت. (نیۆلیبراڵیزم) لە ئەمریکا کاری لەسەر وێرانکردنی پرۆگرامی چاودێری کۆمەڵایەتی دەکردو هێرشی دەکردە سەر مافی کرێکاران، بە تایبەتی کرێکارانی کۆچبەر **(مارتینز، إلیزابیث - أرنولد، غارسیا)**. (مارگریت تاتشەر)یش لە بەریتانیا ڕەخنەی لە سیاسەتی ئابوری بەریتانی گرت و هێرشی کردە سەر یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان و باجی دابەزاندو پیشەسازیە نیشتمانیەکانی تایبەت کردو بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ڕەتکردەوە **(وسویل، إیفانز)**.

بەم شێوەیە هەروەکو (ئەنتۆنی گیدنس) دەڵێت: "(نیۆلیبراڵیزم) لە ڕێگەی فراوانبوونی بەردەوامی بازاڕەکانەوە بەبێ وەستان پرۆسەگەلی ڕادیکالانە بەرهەم دێنێت و چالاکیان دەکات و لە پێناوی گۆڕانکاریدا هانیان دەدات" **(گیدنس، ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست و چەپدا، ٢٠١٠، ٢٣)**. لێرەدا (لیبراڵیزم) بۆتە ڕادیکالیست و پشتگیری پرۆسەی گۆڕان دەکات و دیموکراسی و هەڵبژاردن بە هەڕەشە بۆ سەر ئازادی دادەنێت، هەروەکو (هایک) دەڵێت: "ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە دیومانە ملیۆنەها لەوانەی کە لە هەڵبژاردندا بەشداریان کردوە ڕای خۆیان دەربڕیوە ڕاستەوخۆ خۆی بە دەستی فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ سپاردوە، هەڵبژاردنی یەک کەس بۆ دەسەلات بە زەرورەت ئازادی مسۆگەر ناکات" **(ڤینسینت/ ئەندرۆ، ٩٠)**.

بەگوێرەی هەموو ئەمانەش، (نیۆلیبراڵیزم) پشتگیری گۆڕینی دۆخی باو دەکات و بەشێوەیەکی ڕادیکالانە کار بۆ ئەوە دەکات دەستێوەردانی دەوڵەت لەسەر ئابوری کورت بکاتەوەو بازاڕ لە ژێر دەستی یاساکانی دەوڵەت دەربهێنێت. بەڵام ئەم ڕوانینەی (نیۆلیبراڵیزم) بۆ گۆڕانی سیاسی بەگوێرەی سیستمی سیاسی باو جیاواز دەبێت، لە سیستمە دیموکراسیەکاندا پەنا بۆ ئامرازە دیموکراسیەکان دەباو لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕادیکالانەوە کار بۆ گەیشتن بە سیستمی بازاڕ و سنوردارکردنی دەسەلاتی دەوڵەت دەکات، بەڵام سیستمە نادیموکراسی و تۆتالیتاریەکان لە ڕوانگەی (نیۆلیبراڵیزم)ەوە تەنها لە ڕێگەی شۆڕش و ئامرازە توندوتیژانەکانەوە توانای گۆڕینی هەیەو تۆتالیتاریزم گەورەترین دوژمنی ئازادیە کە بەلای (نیۆلیبراڵیزم)ەوە بەنرخترین بەهای مرۆڤە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هزرمەندانی (لیبراڵیزم) بە شێوەیەکی گشتی دژی گۆڕانی ڕادیکاڵی و ڕیشەیین کە تەواوی سیستمی باو هەڵوەشێنێتەوەو زیاتر ئارەزووی گۆڕانی هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاو دەکەن. ئەم ڕوانگەیەشیان لە بڕوایانەوە بە عەقڵی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت، کە بە بڕوای ئەوان مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو عەقڵەوە توانای دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گرفتە بەردەوامەکانی ژیان هەیە **(Tower, Lyman, 142)**.

پوختەی ئەوەی باسکرا، گۆڕانی سیاسی لە هزری (لیبراڵیزم)دا پێشوازی لێکراوەو تێکڕای هزرمەندە لیبراڵەکان سەرباری جیاوازی بیروبۆچوونیان ئارەزووی گۆڕانی سیاسی دەکەن و کارکردنی مرۆڤ لە ڕێگەی عەقڵەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخی باو بە کارێکی سروشتی دەزانن. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوان عەقڵی مرۆڤ بە سەرچاوەی گۆڕان لە قەڵەمدەدەن و بڕوایان وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی عاقڵەو لە ڕێگەی عەقڵەوە توانای چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی هەیە، کە بە بەردەوامی لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕویان دەبێتەوە. بەم مانایەش گۆڕان لای ئەوان سروشتێکی ڕیفۆرمخوازانەی هەیەو خوازیاری چارەسەرکردنی گرفتە نەوەک هێنانەکایەی بارودۆخێکی ئایدیاڵی کە لە لایەن هزرێکەوە وەکو حەقیقەت تەماشا بکرێت، هەروەکو چۆن لە ڕونگەی هزرمەندە پراگماتیستەکانەوە دەرکەوت کە پێیان وایە مرۆڤ بە بەردەوامی لە ڕێگەی کردەوەکانی خۆیەوە بارودۆخی ژیانی باشتر دەکات. بۆچوونەوەکانی (کارل پۆپەر)یش لە باسەکانی دەربارەی (ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو) کە دواتر باسی دەکەین، پاساوهێنانەوەیە بۆ هەمان گۆڕانی عەقڵانیانە لای مرۆڤ لە چوارچێوەی هەمان سیستمی سیاسی باودا.

## باسی دووەم
## ڕوانگەی کارل پۆپەر دەربارەی گۆڕانی سیاسی

(کارل ڕایمۆند پۆپەر - Karl Raimund Popper) (١٩٠٢-١٩٩٤)، زیاتر وەکو فەیلەسوفی زانست و (ئەپیستمۆلۆجیست) ناوبانگی دەرکردوەو لە زانکۆی (ڤییەنا) ماتماتیک و فیزیاو دەروونناسی خوێندوە. لە ڕووی زانستی و فەلسەفیەوە ڕەخنەی لە پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی (logical positivism) ی گروپی (ئەڵقەی ڤیەننا) دەگرت و ئەم ڕەخنانەشی لە یەکەم کتێبی گرنگیدا لە ژێر ناوی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی) لە ساڵی (١٩٣٤) بڵاوکردۆتەوە **(بەرزنجی، ئازاد، ٢٠٠٨، ٣٩)**. لە سەرەتادا ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەندامانی ئەو ئەڵقەیە (پۆزەتیڤیزم) کاری کردوەو لە نزیکەوە لە فەلسەفەکەیان ئاگادار بووە، بەڵام دواتر هێواش هێواش لێیان دوور کەوتەوەو ڕەخنەی لە جەوهەری فەلسەفەکەیان گرتوە. لەگەڵ هاتنەسەرکاری (نازیەکان) یش نەمسای بەرەو نیوزلەندە بەجێهێشتوەو لەوێ دەستی بە وانە ووتنەوە کردوە **(پۆلادی، کەمال، ١٥٦)**.

پاش کۆتایی هاتنی جەنگیش نەگەڕاوەتەوە بۆ نەمساو ڕووی لە ئینگلتەرە کردوەو لێی نیشتەجێ بوە، لەوێ بۆتە مامۆستای فەلسەفەی زانست و لۆجیکی زانکۆی (لەندەن). لە ساڵی (١٩٥٧) کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی The poverty of Historicism) و لە ساڵی (١٩٦٣) (مەزنەوەکان و پوچەڵکردنەوەکان Conjectures and Refutations) و لە ساڵی (١٩٧٢) (زانینی بابەتیانە: نزیکبونەوەیەکی گۆڕانخوازانە Objective Knowledge: an Evolutionary Approach) ی نوسیوە، لە سەرجەم ئەم کتێبانەیدا ڕەخنەی لە پۆزەتیڤیزم دەگرت و بیرۆکە سەرەکیەکانی بەوەی مێژوو خاوەنی کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆیەتی ڕەتدەکردەوە **(بەرزنجی، ئازاد، ٤٠)**.

گرنگی (پۆپەر) لەم باسەدا لەوەدایە کە سەرجەم هزرەکانی تەنانەت لە بواری فەلسەفەی زانستیشدا گفتوگۆکردن و توێژینەوەیە لەسەر شێوازی بەدیهاتنی گۆڕان و چۆنێتی ڕوودانی گۆڕانەوەکان. هەروەها دیارترین هزرمەندی (لیبراڵیزم)ە کە گرنگی بە گۆڕانی سیاسی دەدات و لە هەمبەر ئەو شێوازەی کە خۆی تیۆریزەی دەکات ڕەخنە لە شێوازەکانی تری گۆڕان دەگرێت. قسەکردن دەربارەی چەمکی (کۆمەڵگەی کراوە) و (ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو) بۆچوونی سەرەکی (پۆپەر) لە بواری هزری سیاسیدا بەرجەستە دەکات، بۆیە ئەم باسە بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین و لە هەر یەکێکیاندا قسە لەسەر یەکێک لەو چەمکانە دەکەین.

## تەوەری یەکەم
## پۆپەر و هزری کۆمەڵگەی کراوە:

هزرەکانی (پۆپەر) بە تایبەتی هزرەکانی لەمەڕ فەلسەفەی زانست و گەشەی زانستە سروشتیەکان ڕۆڵی بەرچاوی لە بەدیهێنانی ڕوانگەیەکی نوێ دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شێوازی بەدیهێنانی گۆڕانە سیاسیەکان هەبووەو بەرگریەکانیشی لە ئازادی تاک و کۆمەڵگەی دیموکراسی وای کردوە بە یەکێک لە بەناوبانگترین بەرگریکارانی لیبراڵ دیموکراسی لە قەڵەم بدرێت.

(زانیناسی) یان (فەلسەفەی ناسین)، بنەمای هزری (پۆپەر) پێکدێنێت کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی ئەو پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی هەیە، بنەمای سەرەکی ئەو هزرەش (عەقلگەرایی ڕەخنەگرانە)یە **(پۆلادی، کەمال، ١٥٩)**. کاکڵەی بۆچوونی سیاسی (پۆپەر)یش لەو تیۆرە زانیناسیەوە کە لەسەر پرەنسیپی قبوڵکردنی هەڵەو عەقلگەرایی ڕەخنەگرانە دادەمەزرێت سەرچاوەی گرتوە **(پۆلادی، کەمال، ١٥٧)**.

(پۆپەر) لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی)دا، جەخت لەسەر (عەقلگەرایی ڕەخنەگرانە) دەکاتەوەو کرۆکی ئەو فەلسەفەیەی کە ئەو بە (مێژووگەرایی) ناوی بردوە دەداتە بەر ڕەخنە. لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا دەنوسێت: "هەوڵدراوە تا هەندێک لە لەمپەرەکانی بەردەم هەڵسوکەوتێکی عەقڵانی لەگەڵ کێشەکانی بونیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، ئەم کارە بە ڕەخنەگرتن لەو کۆمەڵە فەلسەفە کۆمەڵایەتیە ئەنجامدراوە کە بەرپرسیارێتی دژایەتی بەربڵاوو بێ بەڵگە لەگەڵ دەرفەتی ڕیفۆرمی دیموکراتیک دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان" **(پۆپەر، کارل، ٢٠٠٦، ١٨)**.

(پۆپەر) لەم کتێبەیدا ڕەخنە لەو تێڕوانینەی (مێژووگەرایی) دەگرێت کە پێی وایە مێژوو خاوەنی یاساگەلێکی تایبەتیەو بە گوێرەی بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن هێزێکی باڵادەستەوە ئاراستە دەکرێت. لای (پۆپەر)، ئەم ڕوانینە کۆشندەیەو ڕێگە لەوە دەگرێت مرۆڤ وەکو بکەرێکی سەرەکی گۆڕان سەیربکرێت و لە بەدیهێنانی گۆڕاندا پشت بە میتۆدی لەسەرخۆی زانستی ببەسترێت. هەربۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئامانجی ئەم کتێبەی "دەرخستنی ڕادەی ترسناکی ئەو دانایە پێشگۆییە پەیامهێنەرانەیە کە ناهێڵن میتۆدگەلی بەرەبەرەو لەسەرخۆی زانستی لەمەڕ کێشەی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت" **(پۆپەر، کارل، ٢١)**.

(عەقلگەرایی ڕەخنەگرانە)ی (پۆپەر) پرەنسیپێکە بۆ گەشەی زانست و چۆنێتی بەرەوپێشچونی زانستە ئەزموونیەکان، زانست لای ئەو پرۆسەیەکی پێشکەوتنخوازانەیەو لە ئەنجامی کاردانەوە بەرامبەر گرفتە باوەکانەوە بەرەو پێشەوە دەچێت **(بەرزنجی، ئازاد، ٥٤)**. لەم ڕوەشەوە (پۆپەر) ڕەخنە ئاراستەی تیۆری ئیستیقرائی (فرانسیس بیکۆن) دەکات کە سەرهەڵدانی زانست بە بەرهەمی تێبینی لە قەڵەم دەدات، لە کتێبی (ئەفسانەی چوارچێوەدا) (پۆپەر)، دەنوسێت: "فرانسیس بیکۆن دەڵێت زانست بە تێبینی دەستپێدەکات، بەڵام زانست بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە تیۆریەکان و لایەنداریەکان و خورافەکان و ئەفسانەکان دەستپێدەکات. کاتێک دەستپێدەکات کە بەشێک لە چاوەڕوانی و بۆچوونەوەکانی بە هەڵە دەکەونەوە، ئەمەش مانای وایە زانست بە گرفت دەستپێدەکات" **(بوبر، کارل، أسطورة الإطار، ٢٠٠١، 115)**. بە بڕوای (پۆپەر)، هەموو تێبینیەک لە پێناوی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیاریکراودایە یان بۆ ئەوەی تێبینی بکەین پێویستە لە زیهنماندا پرسیارێکی دیاریکراو بوونی هەبێت **(بوبر، کارل، ١١٨)**. واتا بە گوێرەی (پۆپەر)، تێبینی تەنها بەهۆی هەبوونی گرفتێکەوە ڕوودەدات و بەبێ هەبوونی گرفت هیچ تێبینیەک لە ئارادا نابێت، مانای ئەمەش ئەوەیە کە هەبوونی گرفت نەوەک تێبینیکردن بنەمای سەرهەڵدان و گەشەی زانست لای (پۆپەر) پێکدێنێت هەروەکو دەڵێت: "زانست بە گرفت دەستپێدەکات و بە گرفت کۆتایی دێت وە لە میانەی ململانێ لەگەڵ گرفتدا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت" **(بوبر، کارل، ١٢٠)**.

(پۆپەر) بڕوای وایە کە مەعریفەی زانستی و عەقڵی مرۆڤ کە ئەم مەعریفەیە بەرهەمدێنێت هەمیشە لە بەردەمی ئەوەدایە دووچاری هەڵە ببێت **(بوبر، کارل، ١٨)**. ڕاستکردنەوەی هەڵەو ڕەتکردنەوەی تیۆرو گریمانەکانیش بە گوێرەی بۆچوونی ئەو فاکتەری سەرەکی گەشەی زانست پێکدەهێنێت، لەم ڕووەشەوە (پۆپەر) توانای پوچەڵبونەوە بە پێوەری زانستیبوونی تیۆریەکان دادەنێت و ئەو بیرۆکانەش کە پوچەڵ ناکرێنەوە بە نازانستی لە قەڵەمدەدات **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ٧٥)**.

بە بڕوای (پۆپەر)، پوچەڵکردنەوەی تیۆرو گریمانە نەوەک سەلماندن، ڕێی بەرینی زانست هەموار دەکات، واتا دەبێت کەموکورتی گریمانەو تیۆریاکان بدۆزینەوە، ئەم دۆزینەوەیەش لای (پۆپەر) کاری ڕەخنەیە **(بەرزنجی، ئازاد، ٤٦)**. (پۆپەر) دەڵێت: توێژینەوەی عەقڵانی و ڕەخنەگرانە بوار بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت تاوەکو ڕەخنە لە گریمانەکانی خۆی بگرێت و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوەو کەموکوڕیەکانی چارەسەر بکات **(بەرزنجی، ئازاد، ١٣٧)**.

لەم ڕوانگەیەشەوە، هەڵەو ڕاستکردنەوەی هەڵە بنەمای سەرهەڵدانی زانستە لای (پۆپەر)، هەڵەکانیش بەهۆی ڕەخنە بەردەوامەکانەوە دەردەکەون کە بواری ئاشکرابونی خەوش و کەموکورتیەکان دەڕەخسێنن، بەم پێیە ڕەخنە لە هزری (پۆپەر)دا میکانیزمی سەرەکی و گرنگی گەشەکردنی زانست و دۆزینەوە زانستیەکانە.

لێرەشدا کرۆکی هزری (پۆپەر) دەربارەی پێشکەوتنی زانست ئاشکرا دەبێت کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زانست بەهۆی لێوردبونەوەو تێبینیکردنەوە پێشناکەوێت، بەڵکو بنەمای پێشکەوتنی زانست دەرکەوتنی هەڵەو کەموکورتیەکانە، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەڵە کلیلی گەشەسەندن و پێشکەوتنی زانستە. عەقڵیەتی ڕەخنەگرانەش کە بەردەوام بە گومانەوە لە شتەکان دەڕوانێت فاکتەری سەرەکی ئاشکراکردنی هەڵەکانە. پرۆسەی پێشکەوتنی زانست و گۆڕانە زانستیەکانیش بەم پێودانگە پرۆسەیەکی بەردەوامی چارەسەرکردنی هەڵەو کەموکورتیەکانەو پێوەری زانستیبوونی تیۆریەکانیش لای (پۆپەر) توانایی ڕەتکردنەوەیەتی، بەو مانایەی گەر تیۆرییەک یاخود گریمانەیەک خۆی نەداتە دەست ڕەتکردنەوەو ڕەخنە قبوڵ نەکات، ئەوا ئەو تیۆریە یان گریمانەیە بە نازانستی لە قەڵەم دەدرێت. لای (پۆپەر) زانست ڕەها نیەو دەکرێت لە ڕێگەی ڕەخنەوە ڕەتبکرێتەوە.

دواتر پۆپەر ڕێبازی (عەقلگەرایی ڕەخنەگرانەی) خۆی کە لە ڕێگەیەوە بە وەڵامی گۆڕان و گەشەی زانستی دەگەیشت، لە سنوری زانستەوە بۆ سنوری کۆمەڵگاو سیاسەت گواستەوە. هەروەک چۆن کە زانست لە ڕێگەی بەدرۆخستنەوەی تیۆری جێگرتووەوە پێش دەکەوێت، کۆمەڵگەو سیاسەتیش بۆ پێش کەوتنیان پێویستیان بە ڕەخنەی بەردەوام هەیە **(بەشیریە، حسێنی، دیموکراسی بۆ هەموان، ٦٥)**. ئەو کۆمەڵگەیانەش کە توانای قبوڵکردنی ڕەخنەیان نیە، کۆمەڵگای داخراون، کە لە ڕوانگەی (پۆپەر)ەوە سیستمە تۆتالیتاریەکان نمونەی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەن، هەر بۆیەش کتێبەکەی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەوەکانی) بە هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەو کۆمەڵگەیانەو چۆنێتی چڕکردنەوەی خەباتی هەمیشەیی لە دژیان لە قەڵەمدەدات **(پۆپەر، کارل، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ١٨)**.

ئەم بۆچوونەی (پۆپەر) لەسەر بنەمای بڕوای ئەو بە عەقڵانیبونی مرۆڤ دادەمەزرێت، کاتێک پێی وایە مرۆڤەکان بوونەوەرگەلێکی عەقڵانین و لە عەقڵانیەتێکی

بابەتی و هاوبەشدا بەشدارن یان دەتوانن بەشداربن **(پۆلادی، کەمال، ١٦٠)**. بە بڕوای ئەو مرۆڤەکان لە ڕێی بەکارهێنانی عەقڵ و ئەنجامدانی مشتومڕی عەقڵانی و گرتنەبەری ڕوانگەیەکی ڕەخنەییانەوە دەتوانن ژیانی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن و لە ڕێی چارەسەرکردنی گرفت و کێشە هەنووکەییە بەردەوامەکانەوە، دەتوانن داهاتوو باشتر بکەن، مشتومڕی ڕەخنەییش بە دیدی (پۆپەر) ئەوە نیە، کە بەراوردی تیۆرییەک لەگەڵ حەقیقەتدا بکەین، بەڵکو ئەوەیە بەراوردی تیۆرییەکان لەگەڵ یەکتردا بکەین، لە پێناوی گەیشتن بە تیۆرییەک کە زیاتر لە چارەسەری کێشەوە نزیکبێت **(بوبر، كارل، أسطورة الإطار، 103)**، واتا ئامانجی ڕەخنەو مشتومڕو گفتوگۆکان بەدیهێنانی بەهەشتێکی یۆتۆپی نیە لە داهاتودا هەروەکو ئەوەی مێژووگەرایی باوەڕی وایە، بەڵکو ئامانج چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکانی ئێستایە، هەر ئەمەش داهاتوو باشتر دەکات.

ئەو کۆمەڵگەیەش دەرفەتی وەها گفتوگۆیەکی عەقڵانی دەڕەخسێنێت بە بڕوای (پۆپەر) کۆمەڵگەی دیموکراسییە، هەروەکو دەڵێت: "من گەورەترین نرخی دیموکراسی لە توانای لێکۆڵینەوەی ئازادو عەقڵانی و کاریگەری ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانەیە لەسەر سیاسەت دەبینمەوە" **(بەرزنجی، ئازاد، ١٢١)**. یاخود دەڵێت: "سیستمە دیموکراتەکان هەمیشە دەرگایان بەڕوی بیروباوەڕو بە تایبەتیش بیروباوەڕە جیاوازەکاندا کراوەیە" **(بەرزنجی، ئازاد، ١٢٢)**.

بەم پێیەش گرنگی دیموکراسی لای (پۆپەر) لەوەدایە کە بوار لە بەردەم ڕەخنەو مشتومڕی عەقڵانی دەڕەخسێنێت، نەوەک لە هزرە ئەبستراکتەکەیدا. واتا دیموکراسی لای (پۆپەر) ئامرازە نەوەک ئامانج، ئامرازێک کە لە سایەیدا ڕیفۆرمی هەمیشەیی لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە باوەکان ئەنجام دەدرێت **(بەرزنجی، ئازاد، ٨٧)**. هەر ئەوەش جەوهەری گۆڕانی سیاسیە لە دیدی (پۆپەر)دا، ئەنجامدانی ڕیفۆرمی هەمیشەیی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و خەوشانەی بە بەردەوامی بەهۆی کاری مرۆڤەوە سەرهەڵدەدەن، زامنی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی کراوەو خۆپارێزیە لە داشکانەوە بەرەو داخران و تۆتالیتاریەت کە بە بەردەوامی هەڕەشە لە ژیان و ئازادی کۆمەڵگە دەکەن.

بۆ ئەمەش بەهێزکردنی (کۆمەڵگەی مەدەنی) و دامەزراندنی (دەزگاو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان) لە پێناوی پاراستنی خەڵک لە ستەمی بازاڕو هەبوونی دەوڵەت بۆ ڕێگرتن لە سەرەڕۆییەکانی ئابوری ئازاد بە گرنگ دەزانێت **(بەرزنجی، ئازاد، ١١٥)**.،بەڵام ئەم ڕۆڵەی دەوڵەت و دەستێوەردانی لە ژیانی ئابوری کۆمەڵگەدا لای (پۆپەر) سنوردارەو نابێت زیان بە ئازادی بازاڕ بگەیەنێت **(پۆلادی، کەمال، ١٦٨)**، لەم بارەیەوە دەڵێت: "من بەرگری لە ئازادی تاکەکەسی دەکەم و ڕقم لە ستەمی دەوڵەت و لوتبەرزی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانە، بەڵام بەداخەوە، کە دەوڵەت وێڕای خراپەکەی، پێداویستییەکە دەبێ هەبێ و بێ دەوڵەتییش شتێکی نەشیاوە. ئەوەی پێویستە هەوڵ و کۆششە بۆ کۆمەڵگەیەکی عەقڵانیتر، کۆمەڵگەیەک تیایدا بەشێوەیەکی عەقڵانیتر ناکۆکیەکان چارەسەر بکرێن، هەمیشە کۆمەڵگەیەک هەیە لە کۆمەڵگای ئێستا عەقڵانیترە، هەر بۆیە دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی بدرێت" **(بەرزنجی، ئازاد، ١٢٦)**.

بە گوێرەی ئەوەی باسکرا، (پۆپەر) گەشتەکەی لە بواری زانستدا دەستپێکردوەو لە بواری سیاسەتدا درێژەی پێداوە، دۆزینەوەی کلیلی گەشەی زانست و گۆڕانە زانستیەکان لای (پۆپەر) هزری ئەوی دەربارەی دۆزینەوەی کۆدی گۆڕانی سیاسی و شێوازی بەدیهاتنی گۆڕانە سیاسیەکان بارهێناوە. پێشکەوتنی زانست بە بڕوای (پۆپەر) دەرئەنجامی هەڵەو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەڵە بەدیهاتوەو لێرەشەوە بە بڕوای ئەو لە پانتایی سیاسەتیشدا گۆڕان لە میانەی دەرخستنی هەڵەو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بەدیدێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش (پۆپەر) کۆمەڵگەیەک کە دەرفەتی ڕەخنە لە بیرۆکەکان دەڕەخسێنێت و دەرفەت لە بەردەم ڕەتکردنەوەی هەڵەو کەموکوڕیەکان واڵا دەکات بە (کۆمەڵگەی کراوە) لە قەڵەم دەدات کە بە بڕوای ئەو دیموکراسی وەها کۆمەڵگەیەکە. لێرەشەوە لای ئەو کۆمەڵگەی دیموکراسی باشترین کۆمەڵگەیە کە لە سایەیدا گۆڕان بەرەو باشتر بە بەردەوامی ڕوودەدات بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی داخراو کە وەها دەرفەتێک ناڕەخسێنێت و گۆڕان تیایدا توندوتیژانەیە.

## تەوەری دووەم

## گۆڕانی سیاسی لە هزری کارل پۆپەردا:

(پۆپەر) ڕەخنە لە ڕوانگەی (مێژووگەرایی) دەگرێت و لە بەرامبەردا بەرگری لە چەمکی (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی) دەکات، لە نێوان دوو شێوازی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیشدا (ئەندازیاریی پلە بە پلەو لەسەرخۆ) لە بەرامبەر (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی گشتخواز و یۆتۆپیایی) پەسەند دەکات. ڕوانگەی (پۆپەر) بۆ چەمکی گۆڕان و گۆڕانی سیاسی لە میانەی ئەم باسەیدا دەردەکەوێت و گۆڕانی هێدی هێدی و هەنگاو بە هەنگاو کە وەکو خەسڵەتی سەرەکی کۆمەڵگە دیموکراسیەکان سەیری دەکات، بە شێوازی دروست و زانستی گۆڕانی سیاسی لە قەڵەمدەدات.

ڕەخنەی (پۆپەر) لە (مێژووگەرایی) لەو ڕوانگەیەوەیە کە مێژووگەرایی، هەروەکو لە بەشەکانی پێشودا باسکرا، وا سەیری مێژوو دەکات کە گشتایەتیەکە بەپێی یاسا گشتیەکان بەشەکانی گرێدراوی یەکترن و گۆڕانی مێژوو پەیڕەوی لە یاسایەکی ناچاری (دیتێرمنستی) دەکات. (پۆپەر) ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە بۆ گۆڕانی مێژوو هیچ یاسایەکی ناچاری لە ئارادا نیە، بەڵکو گۆڕانی مێژوو بەرهەمی تێکۆشانی مرۆڤە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و سڕینەوەی هەڵەکان **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیروباوەڕی سیاسی سەدەی بیستەم، ٨٧)**. بە بڕوای (پۆپەر) ئەوەی هەیە ڕاڤەی مێژوویەو هیچ ڕاڤەیەکی مێژوویش یەکلاکەرەوەو کۆتایی نییە، بەڵکو ڕاڤەی مێژوویی هەر قۆناغێک بە گوێرەی ڕوانگەی بکەرەکانی ئەو قۆناغەیەو ئەوەش دەرئەنجامی وەڵامدانەوەیانە بۆ ئەو گرفتانەی کە لەو قۆناغەدا لە ئارادان **(پۆپەر، کارڵ، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ٥٠٢)**.

دیارترین تیۆری مێژووگەراییش بە بڕوای (پۆپەر)، کە لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانیاندا هاوبەشن و لەسەر هەمان دیدگاو بۆچوون دادەمەزرێن، بریتین لە (تیۆری مێژووگەرایی فاشیزم و مارکسیزم). هەردوو تیۆرەکە، پێشبینیە مێژووییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ڕاڤەیەکی مێژوویی دادەمەزرێنن، کە دۆزینەوەی یاسای گەشەو گۆڕانی مێژووی لێدەکەوێتەوە **(٣٢)**. (پۆپەر)، سەرچاوەی ئەم ڕوانگە مێژووگەراییەش بۆ بۆچوونەوەکانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەگێڕێتەوە، کە لە بنەمای دەسەڵاتخوازیی (ئەفلاتون) و ڕێبازی جەوهەرگەرایی (ئەرستۆدا) بەرجەستە دەبن **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیروباوەڕی سیاسی سەدەی بیستەم، ٨١)**.

ڕەخنەی سەرەکی (پۆپەر) لە زۆربەی نوسینەکانیدا لە ڕێبازی مارکسیزمە، ئەویش لەو ڕوانگەیەی کە مارکسیزم پێی وایە گۆڕانی مێژوو پەیڕەوی لە یاسا زانستیە ناچاریەکان دەکات و ناکرێت بە پێچەوانەی ئەم یاسایانە هیچ هەنگاوێک هەڵبگیرێت و بە گوێرەی ئەو یاسایانە پێشبینی داهاتوی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکرێت **(بەشیریە، حسێنی، مێژووی بیروباوەڕی سیاسی سەدەی بیستەم، ٨٦)**. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە مێژووگەراییە، (پۆپەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕان و پێشکەوتن گرێدراوی خودی مرۆڤەو پەیوەستە بە چاودێری و تەقەلاو تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئامانجەکان، ڕادەی واقیعبینی مرۆڤیش جێپەنجە لەسەر بەدیهێنانی باشتری گۆڕانەکان

دادەنێت **(پۆپەر، کارڵ، ٥١٨)**. واتا بە بڕوای (پۆپەر) گۆڕان لە مێژوودا ملکەچی یاسای ناچاری نیە، بەڵکو دەرئەنجامی هەوڵی مرۆڤە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، مێژوو خۆی لە خۆیدا هیچ ئامانجێکی نیە، بەڵکو کارەکانی مرۆڤ ئەو ئامانجە بە مێژوو دەبەخشن **(بەرزنجی، ئازاد، ٦٥)**.

لێرەشەوە (پۆپەر) لە بری ڕێبازی مێژووگەرایی، پێ لەسەر چەمکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی دادەگرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەی کە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی ( Social Engineer) گرنگی بە ڕۆڵی مرۆڤ دەدات و بڕوای وایە مرۆڤ بەسەر چارەنوسی خۆیدا زاڵەو دەتوانێت بەگوێرەی ئامانجەکانی کاریگەری لەسەر مێژوو دابنێت یان بیگۆڕێت **(پۆپەر، کارڵ، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ٥٢)**. مانای (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی)ش لە دیدی پۆپەردا، کە بنەمای سەرەکی تێڕوانینی ئەو بۆ گۆڕانی سیاسی پێکدەهێنێت، هەوڵ و تەقەلای مرۆڤە بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیان لە میانەی چارەسەرکردنی گرفتە ڕۆژانەییەکاندا. بەپێچەوانەی ڕێبازی مێژووگەرایی کە جەخت لەسەر گۆڕانی مێژوو دەکاتەوە بەپێی یاسایەکی ناچاری لە دەرەوەی ویستی مرۆڤ، ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی، ویستی مرۆڤ لە گۆڕانی مێژوودا بە جەوهەری و گرنگ لە قەڵەمدەدات، واتا گۆڕانی مێژوو لە خۆوەیی و بە گوێرەی یاسایەکی نەگۆڕ نیە، بەڵکو مرۆڤ بە ویستی خۆی ئەو گۆڕانە بەدیدێنێت **(پۆپەر، کارڵ، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ٣٦٠)**.

ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیش لە دیدی (پۆپەر)دا بەسەر دوو شێوازدا دابەش دەبێت: (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی) و (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو)، نوسینە سیاسیەکانی (پۆپەر)یش لە بواری هزری سیاسی و گۆڕانی سیاسیدا بەرگریکردنە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاوو ڕەخنەگرتنە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی یان گشتخواز. لای (پۆپەر) ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو کە مانای گۆڕانی سیاسی هەنگاو بە هەنگاو دەگرێتەوە، شێوازی تەندروست و شیاوی گۆڕانە کە لەگەڵ واقیعی ژیانی مرۆڤدا گونجاوەو لە خزمەتی ئازادی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدایە، بە پێچەوانەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی و گشتخواز کە زیان بە ئازادی مرۆڤ دەگەیەنێت و کۆمەڵگە بەرەو داخران دەبات و سیستمی تۆتالیتاری دێنێتەکایەوە.

(پۆپەر) ڕەخنە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی دەگرێت لەو ڕوانگەیەی کە ئەم شێوازەی ئەندازیاریی، خوازیاری ئەوەیە بەر لە دەستبردن بۆ هەر چەشنە هەنگاوێکی کردەیی، لە پێشدا ئامانجە سیاسیە کۆتاییەکە کە هەمان دەوڵەتی ئایدیاڵی یان نمونەییە دیاری بکات، بە گوێرەی ئەم شێوازەی ئەندازیاریی، تەنها کاتێک کە لانیکەم هێڵە گشتیەکانی ئامانجی کۆتایی کێشرابێت و گەڵاڵەی ئەو کۆمەڵگەیەمان لە بەردەستدا بێت کە ئامانجمانە، دەتوانین باشترین ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجە هەڵبسەنگێنین و نەخشەیەک بۆ هەنگاوە کردەییەکانمان ئامادە بکەین **(پۆپەر، کارڵ، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ٣٦١)**. ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی سەرەکی (پۆپەر) دەربارەی گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاوو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەڵەو گیروگرفتەکان ناکۆکە هەروەکو لە بۆچوونە میتۆدیەکانیدا دەربارەی گەشەی زانست ئاماژەی پێدەدا. بە بڕوای (پۆپەر) گۆڕان و پێشکەوتن لە میانەی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەگەلی دیاریکراوو فێربون لەو هەڵانەی کە لەو پڕۆسەیەدا ڕوودەدەن بەدیدێت، واتە لە بری وێناکردنی ئامانجێکی ئامادەکراو لە داهاتودا، هەوڵبدەین دان بە هەڵەکانماندا بنێین و ڕەخنەیان لێبگرین بەم شێوەیەش هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندا دەبین **(بوبر/ کارل، عقم المذهب التأريخي، 1959، 111)**. بە بڕوای (پۆپەر) ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاو، ئەگەر بخوازێت میتۆدی زانستی لە لێکۆڵینی کۆمەڵگەو سیاسەتدا بەکاربات، ئەوەی لەهەر شتێکی تر زیاتر پێویستی پێیەتی گرتنەبەری هەڵوێستێکی ڕەخنەییانەیە، توێژینەوەیە لە پێویستبوونی هەوڵدان و هەڵە پێکەوە، پێویستە تەنها پێشبینی ئەوە نەکات کە دەکەوێتە هەڵەوە، بەڵکو لەسەریەتی فێریش ببێت چۆن سود لە هەڵەکان وەردەگرێت **(بوبر، کارل، عقم المذهب التأريخي، ١١٢)**.

(پۆپەر) بە بەردەوامی لە نوسینەکانیدا بەڵگە دێنێتەوە، کە لە ئەندازیاریی گشتگیر یان یۆتۆپیاییدا ئامانجە خوازراوەکە دەخرێتە پێش ویستی تاکەکان و ڕۆڵی عەقڵانیانەی تاک لەبەرچاو ناگیرێت، لەم بوارەشدا کۆمارەکەی (ئەفلاتون) یان (کۆمەڵگەی کۆمونیستی مارکس) بە نمونە دێنێتەوە **(بوبر/ کارل، عقم المذهب التأريخي، ١١٤)**. بە بڕوای (پۆپەر) لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بە ناچاری لە پێناوی بەدیهێنانی گشتێتیدا هەوڵدەدرێت ناکۆکیەکان دوربخرێنەوەو لە ڕێگەی پەروەردەو ئایدۆلۆژیاوە دەستبەسەر مەیل و ئارەزوی تاکەکاندا بگیرێت، ئەمەش بەرەو کۆتکردنی ئازادی و یەکڕەنگی دەڕوات و سەرەنجام بەرەو داخران و تۆتالیتاریەت هەنگاو هەڵدەگرێت **(بوبر/ کارل، عقم المذهب التأريخي، ١١٥)**. بەم پێیەش ترسی (پۆپەر) لە ئەندازیاریی گشتخواز و یۆتۆپیای ترسی لە دەستدانی ئازادی تاکەکەسی و ڕۆیشتن بەرەو تۆتالیتاریەت و دەسەڵاتخوازیە، (پۆپەر) ئامانجی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی گشتخوازو یۆتۆپیایی لەوەدا دەبینێتەوە، کە هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵی دەدات لە داهاتودا کە ئامادەیە لە پێناویدا ویست و ئازادی تاک لە ئێستادا بکاتە قوربانی، هەربۆیەش ئەو لە بەرامبەردا پشتگیری لە ئەندازیاریی هەندەکی یان هەنگاو بە هەنگاو دەکات، بەو پێیەی ئەم شێوازەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هیچ مەترسیەک بۆسەر ئازادی دروستناکات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەی هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی ئایدیاڵی نادات، بەڵکو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دەدات کە بە بەردەوامی لە واقیعدا سەرهەڵدەدەن، لەم ڕووەوە ئامانجی گۆڕان لە ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاودا گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی نمونەیی نییە لە داهاتودا، بەڵکو هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئێستا لە ئارادان و بە بەردەوامی بونیان دەبێت **(بوبر/ کارل، عقم المذهب التأريخي، ١١٦)**. ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو هەروەکو (پۆپەر) دەڵێت: "بانگەشەی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک ناکات کە تیایدا هەژاری و بێکاری لە ئارادا نەبێت، بەڵکو لە بری ئەوە دەخوازێت لە ڕێگەی ڕیفۆرم و هەوڵی بەردەوامەوە گرفتی هەژاری و بێکاری لە ئێستادا چارەسەر بکات"، باشی ئەم شێوازەش لە دیدی (پۆپەر)دا لەوەدایە کە بە ئاسانی ڕێژەی سەرکەوتن و شکست دیاریدەکرێت و نابێتەهۆی چڕکردنەوەی دەسەڵات و سەرکوتکردنی ڕەخنە وەکو ئەوەی لە ئەندازیاریی گشتخوازو یۆتۆپیاییدا بەدیدەکرێت **(بوبر/ کارل، عقم المذهب التأريخي، ١١٧)**.

(پۆپەر) وەکو هزرمەندێکی لیبراڵ بە بەردەوامی بەرگری لە پرەنسیپەکانی (لیبراڵیزم) دەکات و ئازادی مرۆڤ بە بنەڕەتی دەبینێت، کە نابێت بە هۆی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هەر چەشنە ئایدیاڵێک لە داهاتوودا زیانی پێبگەیەنرێت، (پۆپەر) ڕۆڵی مرۆڤ لە بەدیهێنانی گۆڕاندا بە بنەڕەتی سەیر دەکات و پێی وایە گۆڕانی مێژوو بەرهەمی ڕەنجی مرۆڤە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی گشتخواز یان یۆتۆپیای دەگرێت کە بە بڕوای ئەو بە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەی ئایدیاڵی لە داهاتودا، ژیانی ئێستای مرۆڤ وێران دەکات. هەر بۆیەش لە زۆربەی نوسینەکانیدا بە تایبەتی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەوەکانی) و (هەژاری مەزهەبی مێژووگەرایی) ڕەخنەی توند لە ئەندازیاریی یۆتۆپیای دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو ئایدۆلۆژیانەی پشت بە پێشگۆیی دەبەستن و پێشبینی داهاتوو دەکەن، زیان بە ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ دەگەیەنن و بە ناوی بەهەشتی داهاتووەوە ئەمڕۆ دەکەن بە دۆزەخ. (پۆپەر) لە بەرامبەر ئەم مەترسیەی ئەندازیاریی یۆتۆپیایی کە لە دیدی ئەودا لە (مارکسیزم و فاشیزم) دا بە

تایبەتی بەرجەستە دەبێت، بەرگری لە ئەندازیاریی هەندەکی یان هەنگاو بە هەنگاو دەکات، ئەمەش لەسەر ئەو بڕوایەی کە ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاو کار لەسەر بارودۆخی باو دەکات و هیچ فاڵێک بۆ داهاتوو ناگرێتەوەو بارودۆخی پێویست لە ڕوی ئەزموونیەوە لەبەرچاو دەگرێت.

مانای گۆڕانی سیاسیش لە دیدی (پۆپەر)دا لە ئەندازیاریی هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاودا بەرجەستە دەبێت، بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە بری هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەهەشتێک لە داهاتودا پێویستە کار لەسەر دۆخی هەنوکەیی بکرێت و لەبری کارکردن بۆ گۆڕینی سەرجەم کۆمەڵگە کار بۆ گۆڕینی هەندێ لە بەشەکانی بکرێت. بە بڕوای (پۆپەر)، شۆڕشگێڕان و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یۆتۆپیا هەیە بە هەندێ ئاڵوگۆڕ ڕازی نابن و خوازیاری گۆڕینی سەرجەم کۆمەڵگەن، واتا دەخوازن بەرلەوەی شتێک لە وردەکاریەکان بگۆڕن، ئاڵوگۆڕ لە سەرجەم سیستمدا پێکبهێنن، ئەم کارەش کارەساتبارەو نەهامەتی بۆ مرۆڤ دەهێنێت **(بوبر، كارل، عقم المذهب التأريخي، ٩٠)**. (پۆپەر) بەڵگە دێنێتەوە کە لە ئەندازیاریی یۆتۆپیایی و گشتخوازدا کاتێ شۆڕشگێڕان بۆ ڕزگارکردنی بەرنامە شۆڕشگێڕو یۆتۆپیاییەکانی خۆیان تەواوی دەسەڵات دەخەنە دەستی خۆیانەوە، بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دەست بە هەندێ کاری پەلە یان بەرنامەڕێژی نەوەکراو دەکەن. بەمجۆرە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیای دەبێتە مایەی دژایەتیکردنی ئامانجەکانی خۆی **(بوبر، كارل، عقم المذهب التأريخي، ٧٠)**. بەم شێوەیەش بە بڕوای (پۆپەر) ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی گشتخواز یان یۆتۆپیایی هەمیشە بەرەو توندوتیژی و ستەمکاری هەنگاو هەڵدەگرێت و شۆڕشگێڕان بە ناچاری لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە یۆتۆپیەکەیاندا پەنا بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و چڕکردنەوەی دەدەن، ئەمەش سەرەنجام بەرەو داخران دەڕوات. بەم جۆرەش لە دیدی (پۆپەر)دا بۆ خۆلادان لەم مەترسییە جگە لە هەوڵ و هەنگاوی هێدی و هێور کە بە گشتی ئاڵوگۆڕی سەرەکی و بنەڕەتی لێدەکەوێتەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی تر لە بەردەستدا نیە، تاکە ڕێگەی گۆڕانی سیاسی پەنابردنە بۆ ڕیفۆرمی هەندەکی و بەدیهێنانی گۆڕان بە شێوازی هێدی و هێور لە دامەزراوەکاندا **(بوبر/ كارل، عقم المذهب التأريخي، ٩١)**. بە بڕوای (پۆپەر) سیاسەتمەدار پێویستە لە بری هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەها باڵاو ئایدیاڵیەکان لە داهاتودا وەکو بەختەوەری مرۆڤ و شتی لەمجۆرە، هەوڵی خۆی لە پێناو تێکۆشان دژی خراپەو ئافاتەکانی بەرتەسک بکاتەوە **(پۆپەر/ کارڵ، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی، ٥١٣)**، لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو کەسەی کار لەسەر ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە دەکات، شێوازێک هەڵدەبژێرێت بۆ گەڕان و بەربەرەکانی لەگەڵ گەورەترین و خێراترین خراپەکان کە یەخەی کۆمەڵگەیان گرتوە، نەوەک گەڕان و بەربەرەکانی لە ڕێگەی گەورەترین خێری کۆتایی بۆ ئەو" **(پۆپەر، کارڵ، ٣٦٢)**.

بە باشتر دانانی گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاویش بە بڕوای (پۆپەر) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەم شێوازەی گۆڕاندا سیاسەتمەداران لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی بەردەوام و هەوڵدان بۆ باشترکردنی دامەزراوەکان هەڵەکانی خۆیان دەبینن و لە ڕێگەی چاککردنی هەڵەکانیان بارودۆخەکان بەرەو باشتر دەگۆڕن بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گەورە بگەیەنن وەکو ئەوەی لە گۆڕانی یۆتۆپیاییدا ڕوودەدات **(پۆپەر، کارڵ، ٣٦٩)**. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (پۆپەر) هەموو شێوازێکی گۆڕانی شۆڕشگێڕی و یۆتۆپی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو گۆڕانی توندوتیژانەو شۆڕشگێڕانە بە زۆری بە ئاراستەی دیکتاتۆری و ستەمکاریدا دەشکێتەوە. لەم ڕووەوە پۆپەر ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێکی زۆری گۆڕانە شۆڕشگێڕیەکان لە جیهاندا بەرەو دیکتاتۆریەت وتاکڕەوی وەرچەرخاون، بە نموونە باس لە شۆڕشەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ڕوسیا دەکات و دەنوسێت: "شۆڕشی سەدەی حەڤدە لە بەریتانیا بە دیکتاتۆریەتی کرۆموێل کۆتایی هات، شۆڕشی فەرەنسا دیکتاتۆریەتی ڕۆبسبیر و ناپلیۆنی لێکەوتەوەو شۆڕشی ڕوسیا دیکتاتۆریەتی ستالینی بەرهەم هێنا" **(پۆپەر، کارڵ،١٤٣)**. لە بەرامبەردا پشتگیری گۆڕانی ئاشتیخوازانە دەکات، بەو پێیەی هەروەکو خۆی دەنوسێت: "گۆڕانی ئاشتیخوازانە هەلمان بۆ دەڕەخسێنێت چاودێری ئاکامی خراپی کارەکانمان بین و گەر ئاکامەکان خراپ بوون، بەپێی کات بیانگۆڕین. بەم جۆرە گۆڕانکاریە ئاشتیخوازیەکان دۆخێک دەهێننە ئاراوە کە تیایدا ڕەخنەی ئاشکرا لە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە باوەکان بە توندوتیژی سەرکوت ناکرێت و چوارچێوەیەک دەخوڵقێنن کە زەمینە بۆ ڕیفۆرمەکانی داهاتوو خۆشدەکات" **(بەرزنجی، ئازاد، ١٤٤)**.

پێشمەرجی بەدیهێنانی ئاشتیانەش لە دیدی (پۆپەر)دا هەبوونی ڕەخنەی بەردەوامەو ئەو کۆمەڵگەیەش دەرفەتی وەها دۆخێک دەڕەخسێنێت کۆمەڵگەی کراوەیە. کۆمەڵگەی کراوەش بە پێناسەی پۆپەر کۆمەڵگەیەکە تیایدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بەپێی ڕەخنەلێگرتنی بەردەوام ڕاست دەکرێنەوەو دەگۆڕێن. گۆڕانیش لە سیاسەتدا هەروەکو (پۆپەر) دەڵێت "پێویستی بە گۆڕینی تاقمی دەسەڵاتدار هەیە"، لێرەشەوە بە گوێرەی (پۆپەر) بوونی ئۆپۆزسیۆنی کاراو ڕێکخراو ئەگەری گۆڕانی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی ترو هاتنەدی کۆمەڵگەی کراوە فەراهەم دەکات **(بەرزنجی، ئازاد، ٧٥)**، ئەگەری بەدیهاتنی وەها کۆمەڵگەیەکیش لە دیدی (پۆپەر)دا تەنها بە قبوڵکردنی پرەنسیپی لێبوردەیی مەیسەر دەبێت، ئەو پێی وایە کاتێک لایەنەکان توندوتیژی ڕەتدەکەنەوەو پرەنسیپی گفتوگۆ پیادە دەکەن، لێبوردن دەبێتە بونیادێکی زەینی و ئەو دەمەش عەقڵ دوور لە توندوتیژیی و بە پەیڕەویکردن لە بنەمای ڕەخنەگرتن لە خۆو لەویتر چ لە بواری زانست یان لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا هەوڵی گۆڕین دەدات **(بەرزنجی، ئازاد، ١٤)**. بەم پێیەش (پۆپەر) لە بواری هزری سیاسیداو لە ڕوانگەیەکی زانستی و فەلسەفیەوە بەرگری لە (لیبراڵیزم) و دیموکراسی دەکات و لە ڕێی بڕوابونی بە پرەنسیپی نادڵنیایی (Uncertainty)**،** لە فەلسەفەو فیزیادا جەخت لە ئازادبوونی مێژوو لە کۆتی یاساو مەحاڵبونی پێشبینیکردنی ئاییندە دەکاتەوە **(بەرزنجی ئازاد، ٤٠)**.

دەرئەنجامی هەموو ئەوەی سەبارەت بە ڕوانگەی (کارل پۆپەر) بۆ گۆڕانی سیاسی خستمانەڕوو، دەرکەوت کە (پۆپەر) پشتگیری گۆڕانی هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاو دەکات و دژی گۆڕانی شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییە. (پۆپەر) وەکو هزرمەندێکی (لیبراڵیزم) بەرگری لە ئازادی مرۆڤ دەکات و ئازادی بە بایەخدارترین بەهای مرۆڤ وەسفدەکات، کە ناکرێت لە ژێر هیچ ناوێکدا و بە پاساوی هیچ بارودۆخێک پێشێل بکرێت، لێرەشەوە گۆڕانی ڕیشەیی و شۆڕشگێڕی کە زیاتر پشت بە توندوتیژی دەبەستێت لای (پۆپەر) لەناوبەری ئازادیەو دەرگا بۆ تۆتالیتاریەت و ستەمکاری دەکاتەوە، هەر بۆیە ڕەتیدەکاتەوەو ڕەخنەی لێدەگرێت. بە بڕوای ئەو لە گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاودا سیاسەتمەدار لە میانەی چاککردنی هەڵەو کەموکوڕیەکان بە بەردەوامی سەرقاڵی گۆڕان دەبێت و لەم دۆخەشدا هیچ یۆتۆپیایەک بۆ داهاتوو لە ئارادا نیە کە ئێستا لە پێناویدا بکرێتە قوربانی، بەڵکو گۆڕانی بەردەوامی دەزگاو دامەزراوەکان دەبێتە خەسڵەتی سەرەکی سیستمی سیاسی و بەمەش چەقبەستوویی لە ئارادا نابێت و پاساوی گۆڕینی ڕیشەییش بوونی نابێت. ئەم هزرە کۆمەڵناسانەی (پۆپەر) لە ڕوانینی ئەو دەربارەی فەلسەفەی زانست و شێوازی گۆڕان و گەشەی زانستە سروشتیەکان پەرەی سەندوەو بڕوای ئەو بە گەشەی زانست لە میانەی هەوڵدان و هەڵە بۆ بواری کۆمەڵناسی گواستراوەتەوەو لە ڕێیەوە گۆڕانی سیاسی ڕاڤەو شی دەکاتەوە، کە پێی وایە لە میانەی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان بەرجەستە دەبێت. بە

گوێرەی هەموو ئەمانەش، (پۆپەر) هەرچەندە هزرمەندێکی هاوچەرخەو لە سەردەمی (نیۆلیبرالیزم)دا دەژی، بەڵام زیاتر لەگەڵ بەهاکانی (لیبرالیزمی نوێ) گونجاوەو پشتگیری لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێناوی بەدیهێنانی بەختەوەری مرۆڤدا دەکات و هاوشێوەی (جون ستیوارت میل) و ئەوانیتر، ڕۆڵی دەوڵەت لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرز دەنرخێنێت. (پۆپەر) بە پێچەوانەی (نیۆلیبرالیزم) پێیوانییە دیموکراسی زیان بە ئازادی تاکەکەس بگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنها لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا، ئازادی مرۆڤ بەدیدێت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پایەدار دەبێت، لەم ڕووەشەوە بە داکۆکاری لیبراڵ دیموکراسی دادەنرێت کە (لیبرالیزمی نوێ) جەختی لەسەر دەکردەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. هزری (لیبرالیزم) بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری گۆڕانی سیاسی دەکات و دژی چەقبەستوویی و ناوەندچێتی و سەرچاوەگرتنی دەسەڵاتە لە هزرە ئەبستراکت و بانمێژووییەکانەوەو عەقڵ و کردەوەی مرۆڤ بە سەرچاوەی دەسەڵات دەزانێت.
2. بیرمەندە (لیبراڵەکان) تێڕوانینی جیاوازیان بۆ گۆڕانی سیاسی هەیەو بۆچوونیان بە گوێرەی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو هزرە دەگۆڕێت.
3. (لیبرالیزمی کلاسیک) پشتگیری گۆڕانی شۆڕشگێڕانە دەکات و ئازادی تاکەکەس بە بنەمای دەوڵەت لە قەڵەمدەدات، لەم پێناوەشدا دژی دەستێوەردانی دەوڵەتە لە ژیانی ئابوری تاکەکەسداو لێرەشەوە بەرپاکردنی شۆڕش و ئەنجامدانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە پاساو دەدات.
4. (لیبرالیزمی نوێ) لەگەڵ گۆڕانی ڕیفۆرمخوازانەدایەو ڕۆڵی دەوڵەت لە باشترکردنی ژیانی مرۆڤ بە گرنگ لە قەڵەمدەدات، لەم پێناوەشدا دژی گۆڕانی شۆڕشگێڕی و توندوتیژانەیە.
5. گۆڕانی سیاسی لە هزری (نیۆلیبرالیزم)دا بە گوێرەی بارودۆخی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بۆ کۆمەڵگە دیموکراسیەکان پشتگیری گۆڕانی ڕیفۆرمخوازانە دەکەن و بۆ کۆمەڵگە نادیموکراسیەکان هانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە دەدەن.
6. (کارڵ پۆپەر) بەرگری لە ڕوانگەکانی (لیبرالیزمی نوێ) دەکات و ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی کۆمەڵگە بە گرنگ دەزانێت، لەم ڕوانگەیەشەوە لەگەڵ گۆڕانی ڕیفۆرمخوازیدایە نەوەک گۆڕانی شۆڕشگێڕی و توندوتیژانە.
7. هزری (پۆپەر) بۆ گۆڕانی سیاسی لە میانەی پشتگیری لە (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو) بەرجەستە دەبێت، کە بە گوێرەی ئەو دەوڵەت لە ڕێگەی دەستکاریکردنی دەمەزراوەکان بە بەردەوامی هەڵەو کەموکوڕیەکانیان چارەسەر دەکات و بەمەش گۆڕان هەمیشە بوونی دەبێت.
8. بە بڕوای (پۆپەر) ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاو، گۆڕانی هەندەکی و بەردەوام بەدیدێنێت و لەگەڵیشیدا سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەو ئازادی تاک پارێزراو دەبێت، بە پێچەوانەی (ئەندازیاریی گشتگیر یان یۆتۆپی) کە بە بڕوای ئەو وێرانکەرەو دەرئەنجامی ترسناک و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.
9. (پۆپەر) بە هەمان شێوە، دژی ڕوانگەی مێژووگەراییە کە بانگەشەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە دەکەن و لەسەر بنەمای هزرێکی ئەبستراکت بەڵێنی بەدیهێنانی بەهەشتێکی ئایدیاڵی لە داهاتوودا دەدەن، لەم پێناوەشدا (پۆپەر) نموونە بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی (مارکس) و کۆماری (ئەفلاتون) دێنێتەوەو ڕەخنەیان لێدەگرێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبە کوردی و بە کوردی کراوەکان


بەرزنجی، ئازاد (٢٠٠٨). مارکۆزو پۆپەر. چاپی دووەم. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردە.

بەشیریە، حسێنی (٢٠٠٩). مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم (بیری (لیبرالیزم) و کۆنسێرڤاتیزم). وەرگێڕانی/ ناسر ئیبراهیم زادە. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

بەشیریە، حسێنی. دیموکراسی بۆ هەموان. وەرگێڕانی/ حوسێن محمد زادە. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

پولادی، کەمال (٢٠١٩). مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە خۆرئاوا (بەرگی سێیەم). وەرگێڕانی/ یوسف عەلی پور. سلێمانی. خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

سەلاحی، مەلەک یەحیا (٢٠٠٨). هزرە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا. وەرگێڕانی/ هیوا مەجید. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

ڤینسینت، ئەندرۆ (٢٠٠٧). ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسیەکان. وەرگێڕانی/ هیوا مەجید. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

کارل پۆپەر، کارل (٢٠٠٦). کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەوەکانی (بەرگی یەکەم). وەرگێڕانی/ ئیدریس شێخ شەرەفی. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

گیدنس، ئەنتۆنی (٢٠١٠). لە نێوان ڕاست و چەپدا. وەرگێڕانی/ خەسرەو میراودەلی. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.

ئۆدارد، کاترین (٢٠١٨). (لیبرالیزم) و (نیۆلیبرالیزم). وەرگێڕانی/ هاوار محەمەد، بابان ئەنوەر، ئارام مەحمود. سلێمانی. دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە.

ئەلێکساندەر دۆگین، ئەلێکساندەر (٢٠١٧). تیۆری چوارەمی سیاسەت. وەرگێڕانی/ وریا غەفوری. سلێمانی. دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە.


### دووەم: کتێبە عەرەبی بە عەرەبی کراوەکان


إبراهيم/ موسى (2011). الفكر السياسي الحديث والمعاصر. بيروت. دار المنهل اللبناني.

بوبر، كارل (1959). عقم مذهب التاريخي (دراسة في مناهج العلوم الاجتماعية). ترجمة/ عبدالحميد صبرة. الاسكندرية. دار المعارف.

بوبر، كارل (2001). اسطورة الاطار (في الدفاع عن العلم والعقلانية). ترجمة/ أزد يمني طريق الخولي. الكويت. مطابع السياسية.

توشار، جان (2010). تأريخ الأفكار السياسية (الاشتراكية-الليبرالية-القومية-السلفية). ترجمة/ د. ناجي الدراوشة. دمشق. دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر.

توشار، جان (2010). تأريخ الأفكار السياسية (من عصر النهضة إلى عصر الأنوار). ترجمة/ د. ناجي الدراوشة. دمشق. دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر.

الجبالي، صقر و اخرون (2014). قاموس المصطلحات المدنية والسياسية. مركز إعلام حقوق الإنسان والديمقراطية.

ستيوارت ميل، جون (1996). أسس الليبرالية السياسية. ترجمة/ إمام عبدالفتاح إمام، ميشيل متياس. القاهرة. مكتبة مدبولي.

كيلاني، أمال (2010). ألف باء الليبرالية. القاهرة. الهيئة المصرية للكتاب.

مارشال، جوردون (2001). موسوعة علم الاجتماع (المجلد الثالث). ترجمة/ أحمد زايد وآخرون. القاهرة. المشروع القومي للترجمة.

منصور، أشرف (2008). الليبرالية الجديدة (جذورها الفكرية وأبعادها الاقتصادية). القاهرة. الهيئة المصرية العامة للكتاب.

## سێيەم: كتێبە ئینگلیزیەكان

Cahoone, Lawrence. (2014). The Modern Political Tradition: "Hobbes to Habermas". Virginia. The Great Courses.

Gaus, Gerald (2000). political consepts and political theories. Colorado. westview press oxford.

Sargent, Lyman Tower. (2009). Contemporary Political Ideologies (a comparative analysis). Fourteen Edition. Wasdwath Cengage Learning.

## چوارەم: سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان

سويل، إيفانز (24 يوليو 2016). النيوليبرالية: الأيديولوجيا، السياسات، والآثار الإجتماعية. ترجمة/ خبيب زهير: https://nthar.net/neoliberalism

مارتينز، إليزابيث - أرنولد، غارسيا (20 ابريل 2012). ماهي النيوليبرالية؟ تعريف موجز موجه للنشطاء. ترجمة/ عبدالكريم اوبجا: https://attacmaroc.org/%D9%85%D8%A7-